
# چاپکراوی نوێ

کتێبی (( مێژووی خەبات و بەسەرهاتی (حەمەتاڵ)ی بانە)) لە نووسینی کەمال نوری مەعروف و پێداچوونەوەی زمانەوانی لەلایەن سەلام مستەفاوە ، ئەم کتێبە باس لە کەسایەتیی (حەمەتاڵ)، کە ناوی تەواوی محەمەد کوڕی فەقێ حەمە میرزایە، لە ساڵی ١٨٩٢ لە خێزانێکی کوردپەروەر لە شاری بانە هاتووەتە دنیاوە، دەکات. هەروەك نووسەر ئاماژەی بۆ ئەو ڕۆژگارە دەکات کە ئەو تێیدا ژیاوە و تێیدا دەرکەوت و توانی دژ بە دەرەبەگ و پیاوانی ڕژێم، ئەو ڕۆڵە بۆ خزمەتی هەژارو پاڵەو جووتیارو ڕەشوڕووت بگێڕێت، کە ستەملێکراو بوون. نووسەر باسی لایەنێکی دیکەی ژیانی حەمە تاڵ دەکات و دەنووسێت: هەرچەندە لە دوا ڕۆژگارەکانی دەسەڵاتی نەسرەدین پاشای قاجاردا ، واتە لە ساڵی ١٨٩٢ لە دایك بووە، بەڵام دژایەتیکردنی دژ بە ڕێگرو چەتەکان زیاتر بۆ سەرەتای دەسەڵاتی ڕەزا شای پەهلەوی دەگەڕێتەوە. دواتر دێتە سەر باسکردنی خەسڵەت و بەهاکانی ئەو کەسایەتییە، کە چۆن ڕۆستەم خانی بانە پێی سەرسام بووەو لای خۆی گلی داوەتەوەو ناوی (حەمە تاڵ) ی لێ ناوە. لە کۆتاییشدا نووسەر چەندین وێنەی سەرکردەو کەسایەتییە ناودارەکانی ئەو سەردەمەی بڵاوکردۆتەوە.

بە ناوی گۆڤاری (گوڵان)ەوە دەستخۆشی لە ماندووبوونی نووسەر کەمال نوری مەعروف دەکەین، هیوای سەرکەوتن و بەرهەمی زیاتری بۆ دەخوازین.



## چاپکراوی نوێ



بەرگی سێیەمی( مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود بە ئێرانەوە- لە بەڵگەنامە نهێنییە فارسییەکاندا) لە نووسین و ساخکردنەوەی کەمال نوری مەعروف، مەحموود حەفید زادە پێشەکی بۆ نووسیوە، کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە، پێشەکیی ئەم کتێبە بریتییە لە باسکردنی ئەو نامانەی کە شێخ مەحموود لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی ئێرانی سەردەمی ڕەزا شادا( ١٨٧٨-١٩٤١ز) گۆڕیونییەتەوە، نووسەر دەڵێت: پێویستە بۆ ئەو ڕۆژگارە بگەڕێینەوە کە دەکەوێتە نێوان(١٩٢٣-١٩٣٠)، چونکە لەو ماوەیەدا زۆرجار بە خەستی بۆردومانی لیوای سلێمانی لەلایەن فڕۆکەکانی ئینگلیز کراوە، بەو هۆیەوە خەڵکی ناوچەکە ئاوارە بوون، خێزانێکی زۆریش بەرەو ناوچە شاخاوییەکان چوون و هێندێکیشیان ئاودیوی سنوور بوون، لەناویاندا خێزانی مەلیك و بەرپرسانی شۆڕش هەبوون.

نووسەری ئەم کتێبە ئاماژە بەوە دەکات کە بەڵگەنامەکان بۆ ئەو سەروبەندە دەگەڕێنەوە تا ساڵی ١٩٣٠ و مانەوەی شێخ مەحموود لە پیران، بەپێی پەیمانی ١٩٢٧ی خوڕماڵی نێوان دەسەڵاتدارانی بەریتانیاو شێخ مەحموود، بەو پارچەیەی هەرێمیشەوە، کە بە باشووری کوردستان ناسراوە، کورد لە شەڕی ئاوباریك لە بەهاری ١٩٣١وە تاکو دەگاتە ڕۆژگاری ئەمڕۆش هەر لە شەڕی دوژمنانیدا دەژی. لەم کتێبەدا نووسەر باس لە ڕووداوێك دەکات ئەویش چاوپێکەوتنی (میوولەر)ی ئەڵمانییە، کە هەر لەو سەروبەندەدا، لە شوێنی دەستبەسەرکراوی خۆیدا لە بەغدا، لە وەڵامی پرسیارێکدا، شێخ مەحموود دەڵێت: (جا ئەو کاتەی شۆڕش دەست پێ دەکەینەوە، هەموو مەردان و خۆبەختکەران لێمان کۆدەبنەوەو شەڕێکی گەورە دژی دوژمنانمان دەکەین)، پاشان زیاتر دەڵێت: (گەلەکەم لە دەست فارس و تورك و ڕووس و عێراق ئازاد دەبێت). لە پەرەگرافێکی دیکەی پێشەکی ئەم کتێبەدا نووسەر باس لە قسەیەکی (میوولەر) دەکات کە گوتوویەتی: پاشا بەرامبەرمان دانیشتبوو، چاوەکانی ئاگریان لێ دەباری، لە ڕاستیدا، وێنەی کوردێك بوو، کاتێك کە جەختی لەوە کرد کە ( چوارملیۆن و نیو کورد جارێکی دی سەرهەڵدەدەنەوە، کوردستانێکی ئازاد دروست دەکەن)، دواجار ( میوولەر) دەڵێت: ئەم پاشا ئازاو جەنگاوەرە( شێخ مەحموود) نەوەی ئەو قارەمانانەیە، مرۆڤ هەستی دەکرد، ئەمڕۆ خوێنی سەرۆکێکی بەهێزی تێدا دەجووڵێت.

نووسەری کتێبی(مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود بە ئێرانەوە - لە بەڵگەنامە نهێنییە فارسییەکاندا) پێش ئەوەی باس لە بەڵگەنامەکان بکات، ئاماژە بەوە دەکات کە ڕۆژگاری بەڵگەنامەکان پەیوەستە بە ڕۆژگاری ئاوارەبوونی بەشێك لە گەلەکەی، بەتایبەتی خێزانی بەرپرسانی شۆڕش، کە توانیویانە لەو بەشەی سنووردا لە ناوچەی مەریوان و دزڵێی و کانی سانان و شوێنی دیکە ئارام بگرن، لە هەمان کاتیشدا کارو پێداویستیی لەشکری کوردستانیش ئەنجام دراوە.

بەرگی سێیەمی ئەم کتێبە( ٢٠) نامە لەخۆ دەگرێت، کە بەشێکن لەو ئەرشیفەی لەلایەن بنەماڵەی شێخی گەورەوە پارێزراوە، کە بۆ ڕۆشنبیران بەتایبەتیش لێکۆڵەرانی مێژووی سەردەم، بایەخدارن و بەهای خۆیان هەیە..

نووسەر لە نووسینی ئەم کتێبەدا، جگە لە بەڵگەنامەکان، پشتی بە چەندین سەرچاوە بەستووە بە زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی، هەروەها چەندین وێنەی ناوازەی پەیوەست بەم بابەتە گرنگە بڵاوکردۆتەوە، بە ناوی گۆڤاری (گوڵان)ەوە دەستخۆشی لە ماندووبوونی نووسەر کەمال نوری مەعروف، هەروەها لە نووسەری پێشەکییەکەی مەحموود حەفیدزادە دەکەین، ئومێدەوارین ئەم کتێبە ببێتە سەرچاوەیەکی بەسوودی مێژوویی و بەڵگەنامەیی بۆ خوێنەرانی کورد.

# دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و کارلێک و هاوسەنگیی نێوان پەرلەمان و حکومەت



وابڕیارە ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان میوانداریی سەرۆك وەزیرانی کوردستان و جێگرەکەی و وەزیری دارایی بکات، بۆ قسەکردن لەسەر تەوەرە گرنگەکانی (بارودۆخی دارایی هەرێمی کوردستان و دابەشکردنی مووچە، دانوستانەکان لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵ، بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، لێکەوتەکان و هەنگاوەکانی بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا).

ئەوەی لەم میوانداریییەدا گرنگە، سەرۆك وەزیران و جێگرەکەی و وەزیری دارایی لەسەر هەر دۆسێیەك بەتێرو تەسەلی روانگەی حکومەت بۆ پەرلەمانتاران روون دەکەنەوە و پاشانیش وەڵامی پرسیاری پەرلەمانتاران دەدەنەوە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە کارلێکی و هەماهەنگی و هاوسەنگی لەنێوان پەرلەمان حکومەت بگاتە ئەو ئاستەی کە حکومەت و پەرلەمان پێکەوە، قەیرانەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان تێپەڕێنن و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە.

ئەوەی جێگەی ئومێد و گەشبینییە بۆ ئەم خولەی پەرلەمان و شێوازی کارلێك و هەماهەنگیکردنی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە پەرلەمان یاسایەك دەرناکات، ئەگەر رەهەندی دارایی هەبێت و نەزانێت کە حکومەت دەتوانێت ئەو یاسایە جێبەجێ دەکات، واتە ئەو پڕۆژە یاسایە ناخرێتە ناو کارنامەی پەرلەمان و تەنیا ئەو پڕۆژە یاسایانە دەخرێنە بەرنامەوە کە حکومەت لە توانایدا هەیە جێبەجێیان بکات. لەم چوارچێوەیەدا سەرۆکی حکومەتی کوردستان داوای کردووە کە لە سەر هەموو ئەو دۆسێیە گرنگانەی پەیوەندی بە ژیانی رۆژانەی خەڵك و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، بچێتە پەرلەمان و بەرچاوڕوونی بداتە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی راستگۆیانە و شەفافانە کارئاسانی بۆ پرۆسەی یاسادانان و، دەستەجەمعی نێوان پەرلەمان و حکومەت هەماهەنگ بکات، بۆ ئەوەی بڕیاری پێویست بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بدرێن.

بارودۆخی ئێستای حوکمڕانی لە تەواوی دەوڵەتانی جیهاندا بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و کاریگەرییە نەرێنەیەکانی لەسەر ئابووریی جیهانی، بە حاڵەتێکی ئاوەرتەیی تێدەپەڕێت و کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم ڤایرۆسە کۆی پرۆسەی حوکمڕانی لە جیهاندا بەرەو سستی و جۆرێك لە ئیفلیجبوون بردووە، بەڵام دیسان لەناو ئەم حاڵەتە ئاوەرتەییە جیهانییەدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان حاڵەتێکی ئاوەرتەیی دیکەشی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هەرێمێکی فیدراڵییە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی بەناو فیدراڵیدا، بەڵام حکومەت و دەوڵەتی فیدراڵی نە دەستوورەکەی خۆی جێبەجێ دەکات، نە لە پرەنسیپەکانی دەوڵەتیشدا بڕوایەکی تەواوی بە دەوڵەتی فیدراڵی هەیە، هەتا ئێستاش نەیتوانیوە بۆ راگرتنی چێك و بەڵانس لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان ئەنجومەنی فیدراڵی هاوشانی ئەنجومەنی نوێنەران دابمەزرێنێت کە دەستووری عێراق جەختی لەسەر دەکاتەوە.

هەر بۆیە ئەگەر بمانەوێت هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بین (وەك دەسەڵاتی جێبەجێکار) بۆ ئەوەی مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ کۆی کێشەکانی خەڵك و هەرێمی کوردستان بکات، ئەوا جیا لەوەی دەبێت لە چوارچێوەی ئەو حاڵەتە ئاوەرتەییەی جیهان و عێراق مامەڵەی لەگەڵ بکەین، لە هەمانکاتدا دەبێت ئەوەشمان بیر نەچێت، کە لە هەرێمی کوردستاندا بە هۆی ناسەقامگیری لە پرۆسەی سیاسی ( ١٩٩٢- ٢٠١٨)، پرۆسەی حوکمڕانی تووشی چەندین پەتای قورس بووە کە ئەوانیش بریتین لە:

١. گەندەڵیی دارایی و دامەزراوەیی کۆی جومگەکانی دامەزراوەکانی ناو پرۆسەی حوکمڕانی گرتۆتەوە.

٢. باڵادەستی بۆ بەرژەوەندیی حزبی و کەسیی و دەستدرێژیکردنە سەر موڵکی حکومەت و بەرژەوەندیی گشتیی هاووڵاتیان.

٣. نەبوونی هەماهەنگی و کارلێك و هاوسەنگیی تەندروست لە نێوان هەر دوو دامەزراوەی پەرلەمان و حکومەتدا.

٤. نەبوونی کارلێك و هەماهەنگی و

**بارودۆخی ئێستای حوکمڕانی لە تەواوی دەوڵەتانی جیهاندا بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و کاریگەرییە نەرێنەیەکانی لەسەر ئابووریی جیهانی، بە حاڵەتێکی ئاوەرتەیی تێدەپەڕێت و کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم ڤایرۆسە کۆی پرۆسەی حوکمڕانی لە جیهاندا بەرەو سستی و جۆرێک لە ئیفلیجبوون بردووە**

**حکومەت و دەوڵەتی فیدراڵی نە دەستوورەکەی خۆی جێبەجێ دەکات، نە لە پرەنسیپەکانی دەوڵەتیشدا بڕوایەکی تەواوی بە دەوڵەتی فیدراڵی هەیە، هەتا ئێستاش نەیتوانیوە بۆ راگرتنی چێک و بەڵانس لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان ئەنجومەنی فیدراڵی هاوشانی ئەنجومەنی نوێنەران دابمەزرێنێت کە دەستووری عێراق جەختی لەسەر دەکاتەوە**

**بەرنامەی کابینەی نۆیەم هەموو ئەو فاکتەرانەی دیاری کردووە کە بوونە کۆسپ لەبەردەم حوکمڕانییەکی باش لە هەرێمی کوردستان و هەروەها میکانیزم و رێگەچارەی گونجاویشی بۆ چارەسەری تەواوی ئەو کێشە و ئاستانگانە دەسنیشان کردوون**

هاوسەنگی لە نێوان دامەزراوەکانی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت.

٥. قۆرخکاری بازرگانی و گومرگ و نەبوونی سیستمێکی بانکیی هاوچەرخ .

٦. حکومەتێکی قەبەی ئاخنراو بە فەرمانبەری بندیوار و خانەنشینێکی زۆری پلە باڵای نایاسایی.

٧. بوونی دوو هێزی پێشمەرگە (یەکەکانی ٧٠ و ٨٠) بوونی یەکەی ژمێریان لە دەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگە.

٨. پاشماوەی تێکەڵی چەمکی حزبە بەشدارەکان لەگەڵ چەمکی ئۆپۆزسیۆنێکی رادیکاڵ، ئەمەش بەو مانایەی جیا لەو حزبانەی لەناو پەرلەماندا ئۆپۆزسیۆنبوونی خۆیان راگەیاندووە، ئەوجا (رادیکاڵ یان نەرم) لە دەرەوەی حکومەتیش رۆڵی ئۆپۆزسیۆنێکی رادیکاڵ بگێرن و رای گشتی بۆ بەرژەوەندیی حزبیی خۆیان چەواشە بکەن و، تواناکانی حکومەت بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکان لاواز بکەن.

ئەمانە و چەندین هۆکاری دیکە ئەو حاڵەتە وێنا دەکەن کە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، بۆیە ئەگەر هەمووو ئەم حاڵەتانە لەبەر چاو نەگرین و وەك واقیع هەڵوەستەیان لەسەر نەکەین، ئەوا نە پەرلەمان لە حکومەت تێدەگات و نەخەڵکیش لە شێوازی هەماهەنگیی نێوان پەرلەمان و حکومەت تێدەگات، هەر بۆیە داوای مسرور بارزانی بۆ چوونی بۆ پەرلەمان، بۆ خستنەرووی هەمووو ئەو دیاردانەیە بە شێوەیەکی راستگۆ و شەفافانە، بۆ ئەوەی پەرلەمانتاران وەك نوێنەرانی خەڵکی کوردستان بەرچاوڕوونی تەواویان هەبێت.

### ● بەرنامەی کابینەی نۆیەم پرەنسیپی راستگۆیی و شەفافییەت

بێجگە لەو حاڵەتە نەرێنییە ئاوەرتەییەی کە بڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ هەمووو جیهانی دروست کرد، بەرنامەی کابینەی نۆیەم هەمووو ئەو فاکتەرانەی دیاری کردووە کە بوونە کۆسپ لەبەردەم حوکمڕانییەکی باش لە هەرێمی کوردستان و هەروەها میکانیزم و رێگەچارەی گونجاویشی بۆ چارەسەری تەواوی ئەو کێشە و ئاستانگانە دەسنیشان کردوون کە لێرەدا خاڵ بەخاڵ هەڵوەستەیان لەسەر دەکەین:

١. لەناو بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ئەولەوییەت دراوە بە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بە شێوەکی گشتی بە هەمووو کێشەکانی نێوانیان، بەتایبەتیش چارەسەری سیاسەتی نەوت و دابینکردنی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراقدا، هەر بۆیە دوای دەستبەکاربوونی کابینەکە، مسرور بارزانی وەك سەرۆك وەزیران سەردانی بەغدای کردو، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا رێککەوتنێکی زۆر باشی لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی عێراق عادل عەبدولمەهدی کرد، بەڵام سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکانی گۆڕەپانی تەحریر لەبەغدا و تێکچوونی پرۆسەی سیاسی و دەست لە کارکێشانەوەی حکومەتەکەی عەبدولمەهدی بووە هۆکاری ئەوەی بۆشاییەکی حکوومی لە بەغدا دروست بێت و، رێککەوتنەکەی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی جێبەجێ نەکرێت، بەمەش جارێکی دیکە ئەو بەشە بودجەی لە بەغداوە دەهات بۆ کوردستان برایەوە.

٢. هەر لەسەر کارکردنی کابینەی نۆیەم لەسەر ئەولەوییەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم و بەغدا، دیسان جارێکی دیکە دوای پێکهێنانی حکومەتی کازمی، شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی جێگری سەرۆك وەزیران دەستیان بە دانوستاندنێکی چڕ و پڕکردەوە، هەروەها نامەی سەرۆك وەزیرانی کوردستان بۆ مایك پۆمپیۆی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە کۆبوونەوەی لەگەڵ شاندی حکومەتی عێراق، بووە هۆکاری ئەوەی جۆرێك لە لێکتێگەیشتن لە نێوان سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان و سەرۆك وەزیرانی عێراق دروست بێت و، مانگانە بڕی ٣٢٠ ملیار دینار بۆ هەرێمی کوردستان رەوانە بکرێت، بەڵام ئەمجارەشیان بە هۆی ململانێی لایەنە سیاسییە شیعەکان و ئاستەنگ دروستکردن بۆ حکومەتی کازمی،

**بەرنامەی کابینەی نۆیەم هەمووو ئەو فاکتەرانەی دیاری کردووە کە بوونە کۆسپ لەبەردەم حوکمڕانییەکی باش لە هەرێمی کوردستان و هەروەها میکانیزم و رێگەچارەی گونجاویشی بۆ چارەسەری تەواوی ئەو کێشە و ئاستانگانە دەسنیشان کردوون**

**سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکانی گۆڕەپانی تەحریر لەبەغدا و تێکچوونی پرۆسەی سیاسی و دەست لە کارکێشانەوەی حکومەتەکەی عەبدولمەهدی بووە هۆکاری ئەوەی بۆشاییەکی حکوومی لە بەغدا دروست بێت و، رێککەوتنەکەی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی جێبەجێ نەکرێت**

**لە بەرنامەی کابینەی نۆیەمدا راشکاوانە دەرک بەو راستییە کراوە، کە لە چوارچێوەی ئاسانکارییەکانی یاسای وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا قۆرخکارییەکی گەورە کراوە و، جیا لەوەی چەندین پرۆژەی وەهمی بوونیان هەبوو، لە هەمانکاتدا چەندین پرۆژەی گرنگ و ستراتیژیی پەیوەندیدار بە ژیانی رۆژانەی خەڵك راگیرابوون**

**لە بواری کەمکردنەوەی رۆتین و راییکردنی کاری هاووڵاتیان لە دامودەزگاکانی حکومەت، کابینەی نوێیەم رۆتینی تا رادەیەک کەم کردۆتەوە، کە هەنگاوی بەرەو ستراتیژیەتی یەک پەنجەرە هەڵدەگرت، ئەگەر پەتای کۆرۆنا هەوڵەکانی خاو نەکردایەتەوە، ئەوا ئێستا هەنگاوی گەورە بەرەو ستراتیژیەتی یەک پەنجەرە هەڵگیرابوو**

ئەوا بۆ ماوەی ٥٠ رۆژ دەچێت، فەرمانبەرانی هەرێم و عێراق مووچەیان وەرنەگرتووە.

٣. لە کابینەی نوێیەمدا زۆر راشکاوانە دەست خراوەتە سەر برینە قووڵەکان، بەشێك لەم برینانە لە چوارچێوەی یاسای چاکسازی کە پەرلەمانی کوردستان پەسەندی کردووە، چارەسەریان بۆ دەستنیشان کراوە، حکومەتیش میکانیزم و رێوشوێنی گونجاوی بۆ ئامادە کردبوو، کە ئەو یاسایە لە ماوەی ٩٠ رۆژدا بکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە، بەڵام هاوکات لەگەڵ وەرگرتنی رێوشوێنی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسا گرنگە، لەمانگی مارتی ئەمساڵ و بە هۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و سەپاندنی حاڵەتی ناچاریی کەرەنتینە و قەدەغەی هاتوچۆ و دروستبوونی قەیرانێکی دارایی گەورە، پرۆسەی جێبەجێکردنی ئەم یاسایەش دواکەوت.

٤. لە بەرنامەی کابینەی نوێیەمدا راشکاوانە دەرك بەو راستییە کراوە، کە لە چوارچێوەی ئاسانکارییەکانی یاسای وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا قۆرخکارییەکی گەورە کراوە و، جیا لەوەی چەندین پرۆژەی وەهمی بوونیان هەبوو، لە هەمانکاتدا چەندین پرۆژەی گرنگ و ستراتیژیی پەیوەندیدار بە ژیانی رۆژانەی خەڵك راگیرابوون، بەڵام هەر لەگەڵ دەستپێکی کابینەی نوێیەم هەموو ئەو پرۆژانە خرانەوە گەڕ و چەندین کۆمپانیا بلاك لیست کران. هەروەها پێشتر کە بواری وەبەرهێنان بە شێوەیەکی سەرەکی کەرتی نیشتەجێبوونی دەگرتەوە، لە بەرنامەی ئەم کابینەیەدا تەرخانکردنی زەوی بۆ کەرتی وەبەرهێنان راگیرا و بواری وەبەرهێنان فراوان کرا، بۆ ناوچەی بازرگانی و پیشەسازی و پتەوکردنی ژێرخانی ئابووریی کوردستان.

٥. بەشێکی دیکەی بەرنامەی کابینەی نوێیەم تەواوکردنی ئەو پرۆژانەی کارەبا بوون کە ئەمیش پەیوەندیدارە بە خزمەتگوزارییەکی گرنگ بۆ هاووڵاتیان و لەم بوارەشدا چەندین وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا تەواو کران و، ئاستی پێدانی کاتژمێرەکانی کارەبای نیشتمانی بۆ هاووڵاتیان لەم هاوینەدا گەیشتە نزیکەی ٢٠ کاتژمێر لە رۆژێکدا.

٦. لە بواری رێگرتن لە بەهەدەردانی ماڵی گشتی و گەندەڵی لە دەروازە سنوورییەکان، کابینەی نوێیەم سەرلەنوێ بە هەیکەلی دامەزراوەکانی ئەو دەروازانەدا چووەوە و، بە شێوەیەکی سیستماتێکی لە هەوڵی ئەوەدایە رێگا لە بەهەدەردانی ماڵی گشتی بگیرێت، راستە ئەم هەنگاوە تا ئێستا نەگەیشتۆتە ئەو قۆناخەی دیاردەی بە هەدەردان بنبڕ کرابێت، بەڵام هەنگاوی گەورەی بۆ هەڵگیراوە.

٧. لە بواری کەمکردنەوەی رۆتین و راییکردنی کاری هاووڵاتیان لە دامودەزگاکانی حکومەت، کابینەی نوێیەم رۆتینی تا رادەیەك کەم کردۆتەوە، کە هەنگاوی بەرەو ستراتیژیەتی یەك پەنجەرە هەڵدەگرت، ئەگەر پەتای کۆرۆنا هەوڵەکانی خاو نەکردایەتەوە، ئەوا ئێستا هەنگاوی گەورە بەرەو ستراتیژیەتی یەك پەنجەرە هەڵگیرابوو.

٨. لە بواری گێڕانەوەی متمانە لە نیوان هاووڵاتی و بانکەکان، کابینەی نوێیەم سەرلەنوێ نەخشەی بۆ داڕشتنەوەی سیستمی بانکیی هاوچەرخ داڕشتبوو، ئەم هەنگاوە کە ئێستاش کاری بەردەوامی لەسەر دەکرێت، بە تەواوبوونی جیا لەوەی هاووڵاتیان متمانە بە سیستمی بانکی بۆ دروست دەبێتەوە لە هەمانکاتدا ئەم سیستمە بانکییە هاوچەرخە دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ بەهێزکردنی کەرتی تایبەت و کارلێك و هەماهەنگی و هاوسەنگی لەگەڵ کەرتی گشتیدا.

ئەم خاڵانە و زۆری دیکەش لە چوارچێوەی بەرنامەی کابینەی نوێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، نەخشەی دروستیان بۆ داڕێژدراوە، راستە تەمەنی کابینەکە ساڵێك و چەند مانگیکە، بەڵام بە کردەیی و بە هۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا چەند مانگێگ حکومەت کارەکانی راوەستا، هەروەها قەیرانی داراییش ئاستەنگی گەورەی بۆ هەنگاوەکانی حکومەت دروست کردووە.

**رونیای مسرور بارزانی بۆ پرۆسەی حوکمڕانیی باش و سەرکەوتوو، لەوە سەرچاوەی گرتووە کە پێویستە تۆڕێکی هەماهەنگیی راستەوخۆ لەنێوان خەڵک و حکومەت دروست بێت**

### ● بۆچی سەرۆکی حکومەت داوای کرد بچێتە پەرلەمان؟

روئیای مسرور بارزانی بۆ پرۆسەی حوکمڕانیی باش و سەرکەوتوو، لەوە سەرچاوەی گرتووە کە پێویستە تۆڕێکی هەماهەنگیی

راستەوخۆ لەنێوان خەڵك و حكومەت دروست بێت و، لە پرۆسەی حوكمڕانیشدا بە هەمان شێوە تۆڕێكی هەماهەنگی لەگەڵ پەرلەمان و كۆی پەرلەمانتاران دروست بكرێت، بۆ ئەوەی هەموو پێكەوە ئەركە قورسەكانی حوكمڕانی بخەنە سەرشانیان و هەموو پێكەوەش بەشداری سەركەوتنەكانی كۆی پرۆسەی حوكمڕانی بن.

لەم چوارچێوەیەدا و لە میانەی كۆبوونەوە هەفتانەكانی سەرۆكایەتیی ئەنجومەنی وەزیراندا، بە درێژایی ئەو ماوەیە كە ئەم كابینەیە دەست بەكار بووە، هەفتانە ناوەرۆكی كۆبوونەوەكانی ئەنجومەنی وەزیران و ئەو واقیعەی كە كوردستانی پێدا تێپەڕ دەبێت، بە شێوەیەكی شەفافانە هەڵسەنگێنراوە و سەرەنجامیش ئەنجومەنی وەزیران گەیشتبێتە چ بڕیارێك لەلایەن وتەبێژی حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە بە خەڵكی كوردستان راگەیەندراوە.

لە ئێستا كە جۆرێك لە كرانەوەی بازاڕ و دووبارە دەستپێكردنەوەی دەوامی دامەزراوەكانی حكومەت دەستی پێ كردۆتەوە، سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان بە زەرووری دەزانێت مامەڵەیەكی شەفاف و راستگۆیانە لەگەڵ هەموو قەیران و پێشهاتەكان بكات و، بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئاستەنگەكان، مامەڵەیەكی هاوبەش و بوێرانە لەگەڵ كۆی كێشەكان بكات و، ئەوەی ئیمكان دەبێت لەم قۆناخەدا لەگەڵ ئەو بارودۆخە مامەڵەی پێ بكەن.

وێڕای ئەوەی سەرۆكی حكومەت ئامادەباشی پیشان داوە، پێشبینییش دەكرێت، لەسەر كۆی قەیرانەكان وردەكاریی تەواو بە پەرلەمانی كوردستان بڵێت و، ئەگەر گومانێك، یان ناڕوونییەك لەسەر پرسێك هەبێت، راشكاوانە ئەو گومان و ناڕوونییانە بسڕێتەوە، هەروەها كە جێگری سەرۆكی حكومەتیش لەم میوانداریییەی پەرلەمان ئامادە دەبێت، دیسان جێگری سەرۆكی حكومەتیش وەك سەرۆكی شاندی حكومەتی هەرێم بۆ دانوستاندن لەگەڵ بەغدا، وردەكاریی دۆسیێی دانوستانەكان و ئاستەنگەكان و بارودۆخی شێواوی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بۆ پەرلەمانتاران باس دەكات.

لە مێژووی وڵاتانی پەرلەمانی و دیموكراتی، بیرمەندان دەڵێن، كاتێك كێشەكان چارەسەركردنیان دەبێتە مەحاڵ كە هاووڵاتیان ئاگاداری ئەو راستییانە نەبن كە وڵاتی تێدا بەڕێوە دەچێت، بەڵام كاتێك راستییەكان ئاشكرا بوون و، خەڵك زانی ئەو تەحەددییانە چین كە وڵاتی پێدا تێدەپەڕێت، ئەوا دەتوانن هەوڵەكان یەك بخەن و لە ناو بژاردە جیاوازەكاندا بۆ چارەسەرێكی گونجاو و مامناوەندی بگەڕێن و هیچ چارەسەرێكیش لەم چوارچێوەیەدا مەحاڵ نابێت.

سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەسەر ئەم بنەمایە، بڕیاری داوە تەواوی راستییەكان و كۆی ئەو هۆكار و تەحەددییانەی ئێستا رووبەڕووی پرۆسەی حوكمڕانی بەگشتی و جێبەجێكردنی بەرنامەی حكومەت بوونەتەوە، بۆ پەرلەمانتاران بخاتەڕوو، ئەو هۆكارانەش ئاشكرا بكات، كە لەوانەیە پەرلەمانتاران وەك ستافی حكومەت لێی ئاگادار نەبن.

خاڵی گرنگ وەك پێشتر ئاماژەمان پێ كرد، ئەوەیە كاتێك پەرلەمانتاران كۆی هۆكار و تەحەددییەكان بە شێوەیەكی شەفاف بۆیان دەخرێتەڕوو، پەرلەمانتاران وەك نوێنەرانی خەڵكی كوردستان لەلایەك ببنە هەماهەنگ و كارلێك لەگەڵ واقیعەكە و هاوكاریی حكومەت بكەن، بۆ ئەوەی لەناو بژارە جیاوازەكان، رێگەیەك بدۆزرێتەوە و، مامەڵەیەكی دروست لەگەڵ كۆی قەیران و كێشەكان بكرێت، لە هەمانكاتدا بۆ ئەوەی لە رێگەی پەرلەمانتارەكانەوە، رایەكی گشتی پاڵپشت بۆ هەوڵەكانی پەرلەمان و حكومەت بێتە ئاراوە، بۆ ئەوەی بە هەوڵی هەموو لایەك، ئەو قەیرانانە تێپەڕێنین.

ئەوەی لێرەدا گرنگە جارێكی دیكە وەك خاڵێكی گەشبین بۆ رۆڵی ئەم خولەی پەرلەمانی كوردستان ئاماژەی پێ بكەین، ئەوەیە كە ئەو پەیوەندییە تەندروستەی لە نێوان حكومەت و پەرلەمان لەم خولەدا بوونی هەیە، لەوانەیە لە مێژووی پەیوەندییەكانی پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستان، پەیوەندییەكی نموونەیی بێت، بۆیە چاودێری سیاسی بە گەشبینییەوە دەڕوانێتە ئەم میوانداریییەی پەرلەمان بۆ سەرۆكی حكومەت و جێگرەكەی و بە سەرەتایەكی باشیشی دەبینێت بۆ یەكخستنی هەوڵەكان و دۆزینەوەی چارەسەرێكی گونجاو بۆ كۆی كێشەكان.

**هەفتانە ناوەرۆكی كۆبوونەوەكانی ئەنجومەنی وەزیران و ئەو واقیعەی كە كوردستانی پێدا تێپەڕ دەبێت، بە شێوەیەكی شەفافانە هەڵسەنگێنراوە و سەرەنجامیش ئەنجومەنی وەزیران گەیشتبێتە چ بڕیارێك لەلایەن وتەبێژی حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە بە خەڵكی كوردستان راگەیەندراوە**

**كاتێک راستییەكان ئاشكرا بوون و، خەڵک زانی ئەو تەحەددییانە چین كە وڵاتی پێدا تێدەپەڕێت، ئەوا دەتوانن هەوڵەكان یەک بخەن و لە ناو بژاردە جیاوازەكاندا بۆ چارەسەرێكی گونجاو و مامناوەندی بگەڕێن و هیچ چارەسەرێكیش لەم چوارچێوەیەدا مەحاڵ نابێت**



## دکتۆر محەمەد شوکری

**سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان بۆ گوڵان:**

# بەهۆی کەمتەرخەمیەوە ٢٢ مۆڵەتی وەبەرهێنان هەڵوەشاوەتەوە و زەوییەکانیشیان بۆ حکومەت گەڕێندراوەتەوە

**وێڕای پەتای کۆرۆنا و قەیرانی دارایی، دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان سەرقاڵی گرنگیدانە بە هەردوو کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵ، بۆ ئەمەش کۆمەڵێك ڕێنمایی و ڕێکاری نوێ بە هاوکاری وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت پەیڕەو دەکات، تاوەکو هانی وەبەرهێنەران بدرێت، بۆ ئەنجامدانی ژمارەیەك پڕۆژەی جۆراوجۆر. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی دکتۆر محەمەد شوکری سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** وەکو ئاشکرایە پەتای کۆرۆنا و قەیرانی دارایی زیانی گەورەی بە گەشەی کەرتی تایبەت و وەبەرهێنان گەیاندووە، ئایا دەستەی وەبەرهێنان تا چ ڕادەیەك بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنەران و دەربازبوون لەم دۆخە، پلان و بەرنامەی نوێ پەیڕەو دەکات؟**

- لە سەرەتای دەستپێکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەسەر ڕاسپاردەی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گرنگییەکی زۆر بە کەرتی تایبەت و ڕاکێشانی وەبەرهێنەرانی ناوخۆ و بیانی درا، بۆ ئەوەی لە کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی وەبەرهێنان بکەن، بەڵام پەتای کۆرۆنا و قەیرانی دارایی نەك تەنیا ئابووریی هەرێمی کوردستانی تووشی سستبوون کرد، بەڵکو ئابووریی عێراق و جیهانیشی تووشی شۆك کردووە و، تا ڕادەیەکی زۆر وەبەرهێنان بەتایبەتی لەکەرتی پیشەسازی ڕووی لە پووکانەوە کرد، بەتایبەتی لە بواری پڕۆژەکانی پیشەسازی و وزە و کشتوکاڵ و گەشتیاریدا، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بوو، بەهای بەرمیلێك نەوت بە شێوەیەکی پێوانەیی دابەزی و زیانێکی گەورەی بە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت و ئێمەش گەیاند، لە سەرەتای کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لەسەر ڕاسپاردەی ئەنجومەنی وەزیران هەنگاوی باشمان نابوو دەرکردنی پلانی ستراتیژیی وەبەرهێنان بۆ ساڵی ٢٠٢٠ و بۆردێکی تایبەتمان دروست کرد و ناومان لێ نا «نەخشەی وەبەرهێنان» و سیستەمی «یەك پەنجەرە»ییمان بۆ بەستنەوەی هەموو دەسەڵاتی وەزارەتەکان پەیڕەو کردو زۆر لە کاروبارەکانمان ڕێکخستەوە و ڕۆتینمان کەم کردەوە و، لێپرسینەوە و بەدواداچوونی وردمان لەسەر هەموو ئەو پڕۆژانەی وەبەرهێنان کرد، کە ڕاگیرابوون، یان کەمتەرخەمیی تێدا بوو، هەر ئەوەش هۆکاری ئەوە بوو، کاریگەرییەکانی کۆرۆنا و قەیرانی دارایی لە سەر کەرتی وەبەرهێنان بەو قەبارە مەترسیدار و گەورەیە نەبێت، ئەوەتا سەرەڕای قەیرانی دارایی و پەتای کۆرۆنا وەکو دەبینن ژمارەیەکی زۆر لە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان جوولەی تێکەوتۆتەوە و کارکردن لەسەدان پڕۆژەی وەبەرهێنان دەستی پێ کردووەتەوە، لەگەڵ کرانەوەی تا ڕاددەیەکی بارودۆخەکە و هەڵگرتنی کەرەنتینە و قەدەغەکردنی هاتوچۆ، دووبارە بە گڕوتینێکی نوێوە دەست بە جێبەجێکردنی ئەو پلانەی وەبەرهێنان دەکەین، کە لە ١٠٥٥ پڕۆژە پێکهاتبوو، خستمانە بەردەستی وەبەرهێنەرانی ناوخۆ و بیانی بۆ ئەوەی بێن لە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنانی تێدا بکەن.

*** یەکێك لە شوێنەوارەکانی قەیرانی دارایی و پەتای کۆرۆنا زیانگەیاندنە بە کەرتی وەبەرهێنان، بەتایبەتی لە بواری پیشەسازیدا، ئایا تا چەند ئاسانکاری دەکەن و یارمەتی وەبەرهێنەران دەدەن بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەی گەورە و ستراتیژی لەم کەرتەدا؟**

- ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدهۆك بەردی بناغەی بۆ گەورەترین ناوچەی پیشەسازی دانا، ئەمە پڕۆژەیەکی تەواوکاری و گشتگیر و فراوانە و بە دەیان کارگە و ناوەندی خزمەتگوزاری و کۆگا لەخۆ دەگرێت. ئێستادا سەرقاڵی تەرخانکردنی

**لە سەر ڕاسپاردەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گرنگییەکی زۆر بە کەرتی تایبەت و ڕاکێشانی وەبەرهێنەرانی ناوخۆ و بیانی دراوە، بۆ ئەوەی لە کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی وەبەرهێنان بکەن**

**سەرەڕای قەیرانی دارایی و پەتای کۆرۆنا وەکو دەبینن ژمارەیەکی زۆر لە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان جوولەی تێکەوتۆتەوە و کارکردن لەسەدان پڕۆژەی وەبەرهێنان دەستی پێ کردووەتەوە**

**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدهۆک بەردی بناغەی بۆ گەورەترین ناوچەی پیشەسازی دانا، ئەمە پرۆژەیەکی تەواوکاری و گشتگیر و فراوانە و بە دەیان کارگە و ناوەندی خزمەتگوزاری و کۆگا لەخۆ دەگرێت**

**سەرقاڵی تەرخانکردنی زەوین بۆ چەند ناوچەیەکی دیکەی پیشەسازیی گەورە لە سەرجەم پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستاندا**

**بەم نزیکانە ناوچەی پیشەسازیی هەولێر دەچێتە بواری جێبەجێکردن و لە پارێزگای سلێمانییش پێنج ناوچەی پیشەسازی پێشنیار کراوە و لە ئیدارەی گەرمیانیش دوو ناوچە و لە راپەڕین دوو ناوچەی پیشەسازیی دیکە دروست دەکرێن**

**لە دابەشکردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنانیشدا هیچ جیاوازییەک لەنێوان پارێزگا و شار و ناوچە و دەڤەرە جیاجیاکانی کوردستان نەکراوە**

زەوین بۆ چەند ناوچەیەکی دیکەی پیشەسازیی گەورە لە سەرجەم پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستاندا، هەروەها بەم نزیکانە ناوچەی پیشەسازیی هەولێر دەچێتە بواری جێبەجێکردن و لە پارێزگای سلێمانییش پێنج ناوچەی پیشەسازی پێشنیار کراوە و لە ئیدارەی گەرمیانیش دوو ناوچە و لە راپەڕین دوو ناوچەی پیشەسازیی دیکە دروست دەکرێن، بە تەواوبوونی ئەم ناوچە پیشەسازییانە کەرتی پیشەسازی زۆر پێش دەکەوێت. لەلایەکی دیکەوە تەنیا لە کەرتی پیشەسازیی ٤٦١ سێکتەری جۆراوجۆرمان هەیە، لە بوارەکانی بیناسازی و کەرەستە فلزییەکان و پیشەسازیی پترۆکیمیاوی و کارگەکانی ئامۆنیا و نایلۆن و بۆریستەر و چەندین کەرەستەی دیکە کە لە نەوتی خاو و پاشماوەی غازی سرووشتی دروست دەکرێن، ئەمە وێڕای کارگەکانی خواردەمەنی و خۆراك کە لەم بوارەدا ئێمە لە ناوچە پیشەسازییەکاندا شەش ناوچەی پیشەسازیی خۆراکیمان هەیە، هەموو ئەم کارگانەش بنەمایەکی باشی پەرەپێدانی ئابووری و بەدەستهێنانی هەلی کارە بۆ هەزاران گەنج و دەرچووی زانکۆکانی کوردستان و لە دابەشکردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنانیشدا هیچ جیاوازییەك لەنێوان پارێزگا و شار و ناوچە و دەڤەرە جیاجیاکانی کوردستان نەکراوە، ئەوەتا لە هەولێر نزیکەی ٢٨٠ پرۆژە و لە سلێمانی ٢٧٣ پرۆژە و دهۆك ١٣٨ و هەڵەبجە ٩٨ و گەرمیان ٧٤ و راپەرین ٥٢ پرۆژەی وەبەرهێنان ئامادەیە بۆ وەبەرهێنەران، بەمەش دەرفەتی یەکسان و دادپەروەری لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە هەموو دەڤەر و ناوچە و پارێزگا و یەکەیەکی ئیداریی سەربەخۆ فەراهەم دەکرێت، ئەمە پێی دەوترێت دروستکردنی بنەمایەکی دادپەروەرانەی ئابووری، بەتایبەتی ئەگەر هانی پرۆژە بچووك و مامناوەندەکانیش بدەین، کە هەلی بەدەستهێنانی لە ناوچە دوورەدەستەکان و هەموو قەزاو ناحیەکان فەراهەم دەبێت. جێبەجێکردنی پلانی وەبەرهێنان وادەکات لە ماوەیەکی کەمی داهاتوودا بنەمایەکی زۆر باشی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان دروست بێت و، ئابووریی هەرێمی کوردستان لە زۆر رووەوە پشت بەخۆی ببەستێت و کۆمەڵگەکەمان لە کۆمەڵگەیەکی بەکارهێنەر و بەکاربەرەوە پەلکێشی کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێن دەکەین، هەر لەم چوارچێوەیەدا گرنگییەکی زۆر بە دەستپێکردنەوەی پرۆژە بچووك و مامناوەندەکان دەدەین، پێم وایە ئابووریی هەرێمی کوردستان و باروبژێوی ژیانی کاسبکار و خەڵکی بەم پرۆژە بچووکانە بەهێز دەبێت، کە هاوکات بنەمایەکی باشی بەدەستهێنانی باج و داهاتیشن بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، نابێت ئەوەش لەیاد بکەین کە لە ئێستادا لە ٨٠٪ی ئەو کاڵاو کەرەستەو خۆراکانەی بەکاری دەهێنین، یان بەکاری دەبەین لەدەرەوەی وڵات دەهێندرێت و سوود و قازانجەکەی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی هەرێم دەڕوات، هەربۆیە بە بووژانەوەی کەرتی پیشەسازی ئابووری و بژێوی ژیانی خەڵکیش دەبووژێتەوە.

*** باسی پیشەسازیی خۆراکیت کرد. ئایا دوای کۆرۆنا کە دەنگۆی پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ و پەرەپێدانی بەرهەمەکانی ناوخۆ زۆر بوو، ئێوە لە دەستەی وەبەرهێنان چ هەنگاوێکتان ناوە بۆ بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ و زیادکردنی کارگەکانی خواردەمەنی؟**

- دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان بە هاوکاریی وەزارەتی کشتوکاڵ بە دوو رێگە کار بۆ بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵی و زیادکردنی وەبەرهێنان دەکات، یەکەم لە رێگەی بەهێزکردنی ژێرخانی کشتوکاڵی، بۆ نموونە لە پلانی وەبەرهێنانی کوردستاندایە چەندین بەنداو لە رێگەی وەبەرهێنان دروست بکرێت، وەکو بەنداوی باسێ و بەردەسور و خلیکان و رەواندز و دەڵگە و سارتك و خێوەتە و باکرمان، هەروەها لە رێگەی هاندانی وەبەرهێنەران بۆ دروستکردنی کۆگای سارد و کۆمەڵگەی بەبازاڕکردن و هەناردنی میوەی جۆراوجۆر و پرۆژەکانی هێلکە و بەخێوکردنی ماسی و سەربڕخانەی مریشك و کارگەی دروستکردنی گۆشتی پەلەوەر و دروستکردنی کارگەکانی خواردەمەنی و خۆراك لە ناوچە پیشەسازییەکان، لەم پێناوەشدا هەماهەنگی و هاوکاریی باشمان لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ هەیە، ئەوانیش پاڵپشتییەکی باشی هەوڵەکانمان دەکەن، لەلایەکی دیکەوە گرنگییەکی زۆر

بە پڕۆژە بچووك و مامناوەندییەكان دەدەین، كە بڕبڕەی پشتی ئابووری و بەدەستهێنانی هەلی كارن بۆ زۆرترین دەستی كار. لەمەش گرنگتر لە ئێستادا سەرقاڵی فراوانكردنی پەیوەندییەكانین لەگەڵ عێراق و بزنێسكار و وەبەرهێنەرانی عێراق، بۆ ئەوەی هەرێم بكەینە ناوەندێكی پیشەسازیی خۆراكی و پیشەسازیی كشتوكاڵی، دەبێت بیر لە دۆزینەوەی بازاڕیش بكەین. خۆشبەختانە بە هەوڵ و هیممەتی ڕێزدار سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان پەیوەندییەكانمان لەگەڵ عێراقدا ڕووی لە باشی كردووە، بەمەش عێراق و هەرێمی كوردستان دەتوانن ببنە تەواوكارییەكی ئابووری و پەیوەندییەكان بەهێز بكەن، بە ڕادەیەك ببێتە هۆی هێنانی خۆشگوزەرانی و دۆزینەوەی هەلی كار و بازاڕ بۆ بەرهەمەكانمان، چونكە بازاڕەكانی عێراق زۆر فراوانە و بازاڕێكی باش و نزیكە بۆ ساخكردنەوەی كاڵاو بەروبوومەكانی هەرێمی كوردستان. دەركەوتن و درێژبوونەوەی ماوەی بڵاوبوونەوەی كۆرۆنا هاندەرێكی گەورەیە بۆ ئەوەی پشت بە پیشەسازیی خۆراكی خۆمان ببەستین، چونكە ئاستەنگەكانی گواستنەوە و بەرزیی تێچوونی بەرهەمەكان هۆكارێكی گەورەن بۆ ئەوەی چیتر پشت بە بەرهەمی بیانی بۆ زۆر خۆراك و كەرەستەی سەرەكی و زۆر پێویستی خۆمان نەبەستین، وابزانم بەدیهێنانی سیاسەتی پشتبەستن بە بەرهەمی خۆماڵی و خۆبژێوی و ئابووریی سەربەخۆ لێرەوە دەست پێ دەكات.

*** سەبارەت بە یاسا و ڕێنماییە نوێیەكانی دەستەی وەبەرهێنانی كوردستان ئایا لەم ڕووەوە چیتان كردووە؟**

- هەر لەگەڵ دەستبەكاربوونمان لە كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا بڕیار درا، یاسای وەبەرهێنان هەموار بكرێتەوە، یاسا كۆنەكە بۆ ئەو كات و سەردەمە یاسایەكی باش بوو، بەڵام بە تێپەڕبوونی كات و گۆڕانی بارودۆخەكە پێویستمان بە هەمواركردنەوەی یاساكە هەیە، چونكە قۆناغ و سەردەمەكە جیاوازە و هەموو وڵاتانی پێشكەوتووش هەر وایان كردووە، واتە ناوبەناو یاساكانی وەبەرهێنان هەموار دەكەنەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ سەردەم و پێویستییەكانیان بیگونجێنن، بۆ نموونە لە یاسا كۆنەكەدا تەنیا مەبەستمان ڕاكێشانی وەبەرهێنەرانی بیانی و ناوخۆ بوو، بەڵام بە تێپەڕبوونی كات وەبەرهێنەران زیاتر ڕوویان لە بواری بازرگانی و خانووبەرە كرد، واتا لایەنی پیشەسازی و پڕۆژەی گەورە و پێشكەوتووی كشتوكاڵی فەرامۆش كران، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەم پڕۆژانە پارەیەكی زۆری دەوێت و پاڵپشتیی حكومەتی پێویستە و قازانج و پارەكەشی ماوەیەكی زۆری دەوێت تاكو دەست دەكەوێتەوە، هاوكات ئێمە زۆر گرنگیمان بە پڕۆژەكانی نیشتەجێبوون دا، لەمەشدا سەركەوتوو بووین، بەڵام بە تێپەڕبوونی كات زەوی تەرخانكردن بۆ پڕۆژەكانی نیشتەجێبوون بەشێوەی ئاسۆیی كەم بووەوە و گەیاندنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەكانیش بۆ بەردەم دەرگای پڕۆژەكان پارەیەكی زۆر بوو لەسەر حكومەت، ئێستا ئێمە بڕیار دەدەین، لە كوێ و چ پڕۆژەیەكی وەبەرهێنانمان پێویستە، لەم پێناوەشدا یاسا نوێیەكە ئاسانكاریی باشی تێدایە لە ڕووی باج و گومرگ و پێشكەشكردنی ئاسانكاری، بەڵام مەرج و ڕێنمایی نوێی كاركردن و وەبەرهێنانیش لەخۆ دەگرێت، لەم یاسایەدا ئێمە ئاراستەی وەبەرهێنەران دەكەین كە چ پڕۆژە و كارێكمان لە چ ناوچە و دەڤەر و پارێزگایەك پێویستە، بۆ نموونە ئێمە ٢٥٠ كارگەی پیشەسازیی خۆراكیمان پێشنیار كردووە، ١١٣ پڕۆژەی ئاودێری و سامانی كشتوكاڵی و ئاژەڵی، لە یاسا نوێیەكەدا تەنانەت لێپرسینەوەی توندی تێدایە لەگەڵ ئەو وەبەرهێنەرانەی كەمتەرخەمن و بە نایاسایی و خراپ سوود لەو ئیمتیازات و زەوی و زارانە وەردەگرن كە حكومەت پێشكەشی كردوون، هەر وەها لێپرسینەوەی توندی بۆ ئەو وەبەرهێنەرانەی تێدایە كە كەمتەرخەم دەبن، بۆ نموونە هەر وەبەرهێنەرێك لە ئەنجامدانی پڕۆژە كەمتەرخەم بێت، زەوییەكەی لێ وەردەگیرێتەوە و مۆڵەتەكەشی هەڵدەوەشێنینەوە، تا ئێستا ٢٢ مۆڵەتی وەبەرهێنان هەڵوەشاوەتەوە و زەوییەكانیشیان بۆ حكومەت گەڕێندراوەتەوە، لەم ژمارەیە دهۆك ١٠ پڕۆژە و هەولێر ٨ پڕۆژە و سلێمانی ٤ پڕۆژە بووە.

**لە هەولێر نزیكەی ٢٨٠ پڕۆژە و لە سلێمانی ٢٧٣ پڕۆژە و دهۆك ١٣٨ و هەڵەبجە ٩٨ و گەرمیان ٧٤ و ڕاپەڕین ٥٢ پڕۆژەی وەبەرهێنان ئامادەیە بۆ وەبەرهێنەران**

**جێبەجێكردنی پلانی وەبەرهێنان وادەكات لە ماوەیەكی كەمی داهاتوودا بنەمایەكی زۆر باشی پیشەسازی لە هەرێمی كوردستان دروست بێت و، ئابووریی هەرێمی كوردستان لە زۆر ڕووەوە پشت بەخۆی ببەستێت**

**لە ئێستادا لە ٨٠٪ی ئەو كاڵاو كەرەستەو خۆراكانەی بەكاری دەهێنین، یان بەكاری دەبەین لەدەرەوەی وڵات دەهێندرێت و سوود و قازانجەكەی بۆ دەرەوەی سنوورەكانی هەرێم دەڕوات**

**كۆمەڵگەكەمان لە كۆمەڵگەیەكی بەكارهێنەر و بەكاربەرەوە پەلكێشی كۆمەڵگەیەكی بەرهەمهێن دەكەین، هەر لەم چوارچێوەیەدا گرنگییەكی زۆر بە دەستپێكردنەوەی پڕۆژە بچووك و مامناوەندەكان دەدەین**



## دكتۆر ئەحمەد سەفار

بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان :

# عێراق کێشەی کەمیی داهاتی نییە، بەڵکو کێشەی سیاسی و خراپ بەڕێوەبردنی دارایی گشتی هەیە

**سەرەڕای ئەوەی حکومەتی عێراق قەرزی دەرەکی کردووە، بەڵام بارودۆخی دارایی رووی لە خراپی کردووە، بە رادەیەك دواکەوتنی مووچە و کشانەوەی پڕۆژە یاسای بودجە لە پەرلەمانی عێراق خوێندنەوەی جیاجیای بۆ دەکرێت. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە و ناردنی پارەی بەشە مووچەی هەرێمی کوردستان چەند پرسیارێکمان ئاراستەی دکتۆر ئەحمەد سەفار بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کرد.**

*** ئاشکرایە عێراق بە بارودۆخێکی دارایی سەختدا تێپەڕ دەبێت، بە رادەیەك دواکەوتنی مووچەکانیشی لێکەوتەوە، وەکو بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق بارودۆخی دارایی عێراق چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- بارودۆخی دارایی حکومەتی عێراق بە رادەیەك رووی لە خراپی کردووە، تەنانەت دوای وەرگرتنی قەرزیش توانای دابینکردنی مووچەکانی لەکاتی خۆیدا نەماوە، هەروەها ئەو پڕۆژە یاسایەی بودجەی گشتی ٢٠٢١ کە ناردیانە پەرلەمان، تەنیا یەك شەو لای سەرۆکی پەرلەمان بوو و، نەهاتە لیژنەی دارایی، واتە هەر زوو حکومەت بە هۆکارێکی نادیار پڕۆژە یاساکەی گەڕاندەوە. راستە کۆرۆنا و دابەزینی بەهای نەوت لە نیوەی ئەمساڵدا هۆکارێك بوون بۆ ئەو کورتهێنانەی بودجەیە، بەڵام کێشەی عێراق زیاتر سیاسی و خراپ بەڕێوەبردنی داهاتەکەیەتی. ئێستا چاوەڕوان دەکرێت حکومەت داوایەکی دیکە ئاراستەی پەرلەمان بکات، بۆ وەرگرتنی قەرزێکی دیکەی

ناوخۆیی و دەرەکی، بەڵام من بەگومانم لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی کە ڕەزامەندی لەسەر ئەم قەرزە بدرێت، ئەو هۆکارانەش بریتین لە: یەکەم: تا ئێستا دیار و روون نییە قەرزی یەکەم کە ١٥ تریلیۆن دینار بوو، حکومەتەکەی کازمی چۆن و لەچیدا خەرجی کرد، لە کاتێکدا وا پێویست بوو ئەو قەرزە لەگەڵ داهاتی نەوتی و ناوخۆیی واتە داهاتی نانەوتی بەشی مووچەکانی مانگی ٦ تاکو مانگی ١٠ ی بکردایە، کەچی ئەوان دەڵێن پارەکە تەواو بووە، بێ ئەوەی حکومەت روونکردنەوەی ژمێریاریی لە حساباتی کۆتایی پێشکەش بکات، هەر هیچ نەبێت لە ٢٠٢٠/١/١ تاکو مانگی ئەیلولی ئەمساڵ. دووەم: فەرامۆشکردنی ئەو پرۆسەی چاکسازییە بوو کە پێش وەرگرتنی قەرزەکە بەڵێنی پێ دابوو، کەچی ئێستا نەك ئەو پرۆسەیە لە رووی پراکتیکییەوە جێبەجێ نەکراوە، بەڵکو تا دێت بارودۆخی داراییەکەشی روون و شەفاف نییە. بەپێی بەدواداچوونەکانی ئێمە لە لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق، داهاتی نەوتی و داهاتی ناوخۆیی پێویستە بەشی ٨٠٪ی مووچەی مووچەخۆران و پسوولەی خۆراك و دەرمان بکات.

*** لەکاتێکدا نرخی نەوتی خاو بەرزبۆتەوە و تا رادەیەکیش بازاڕەکان کرانەوەی بەخۆوە بینیوە، بۆچی ئەم کێشانە چارەسەر ناکرێن؟**

- وەك ئاماژەم پێکرد، بارودۆخی دارایی عێراق روون و ئاشکرا نییە، ئەوەتا لەگەڵ ئەوەی داهاتی نەوت نزیکەی ٣,٥ ملیار و نیو دۆلارە و داهاتی نانەوتیشی نزیکەی نیو ملیار دۆلارە و ئەو قەرزەی وەرگیراوە ١٥ تریلیۆن دینار بووە، بەڵام هێشتا حکومەت نزیکەی ٣ تریلیۆن دینار کورتهێنانی هەیە، واتە ئەم داهاتە ناڕوون و ناشەفافە، وا پێویست بوو داهاتی ناوخۆ زۆر زیاتر بێت لەم ژمارەیە، بەڵام ئەم ژمارەیەش کەم نییە، واپێویست بوو بە قەرزی یەکەم کورتهێنانەکە پڕ بکرابایەتەوە، هەربۆیە حکومەت ناچار بوو دابەشکردنی مووچە دوابخات، ئەمە لە کاتێکدا دەبوایە بەو بڕە پارەیە مووچەی مانگی تشرینی یەکەمیشی پێ دابین بکردایە، کەچی بەغدا دەڵێت: (ناتوانین بێ قەرزێکی دیکە مووچە بدەین)، ئەمەش بەو واتایە دێت پارەیەکی زۆر دیار نەماوە. واتە ئەم حکومەتەش نەیتوانیوە ئابووریی وڵات لە ئابوورییەکی بەکارهێنەرەوە بگۆڕێت بۆ ئابوورییەکی بەرهەمهێن

*** ئەم کورتهێنانی بودجەیە و دروستبوونی گرفتی دارایی لە بەغدا تا چ رادەیەك کاریگەریی خراپی لەسەر رێککەوتنی ناردنی ٣٢٠ ملیار دینارەکەی هەرێمی کوردستان هەیە؟**

- ناردنی ئەو ٣٢٠ ملیار دینارەی هەرێمی کوردستان لەلایەن عێراقەوە لەگەڵ مووچەی فەرمانبەرانی عێراقە، واتا بەغدا هەر کاتێك بتوانێت مووچەی فەرمانبەرانی خۆی بدات، بە هەمان شێوە ئەو بڕە پارەیە دەنێرێت بۆ هەرێمی کوردستانیش، بەغدا پابەندە بە ناردنی ٣٢٠ ملیار دینارەکەی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم تا ئەو کاتەی پڕۆژە یاسای بودجە دەنێردرێتە پەرلەمان و رێککەوتنەکەی نێوان هەرێم و عێراقی لەو پڕۆژە یاسایەدا جێگای بۆ دەکرێتەوە.

*** ئایا لە پڕۆژە یاسای بودجەی ٢٠٢١ تا چەند بەغدا ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی تێدا داناوە؟**

- هەرچەندە ئەو پڕۆژە یاسایەی بودجەی ٢٠٢١ نەگەیشتە دەستی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق، بەڵام لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە هەندێك زانیاری و داتا بڵاوکراوەتەوە، لەوانە خەرجییە گشتییەکان نزیکەی ١٤٨ تریلیۆن دینار بوو، کە کرایە ١٤٦ تریلیۆن دینار و داهاتەکان نزیکەی ٦٧ تریلیۆن دینار بوو، واتا کورتهێنانی بودجە نزیکەی ٨١ تریلیۆن دینارە، دواتر ئەم کورتهێنانە بۆ نزیکەی ٧٦ تریلیۆن دینار کەم کراوەتەوە، لەگەڵ ئەم کەمکردنەوەیەش هێشتا کورتهێنان زۆرە و سەرپێچی رێنمایی و راسپاردەکانی داراییە. خۆ ئەگەر ئەو پڕۆژە یاسای بودجەیە جێبەجێ بکرایە، رێککەوتنی هەرێمیشی تێدا بوو، ئەو کاتە ١٢,٦٧٪ پشکی هەرێمی کوردستان دیاری دەکرا لەکۆی بودجەی گشتی عێراق و مووچەی هێزەکانی پێشمەرگەش بەجیا لەناو خەرجییە سەروەرییەکاندا جێگیر دەکرا، ئەمەش بەرامبەر ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان رۆژانە ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت لەگەڵ ٥٠٪ی داهاتی گومرگ تەسلیمی عێراق بکات.

*** ئەی سەبارەت بە پرۆسەی چاکسازییەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئایا ئەگەر ئەو پرۆسەیە وەك خۆی جێبەجێ بکرێت، دەتوانێت بەسەر قەیرانە داراییەکەی خۆیدا زاڵ بێت؟**

- کاتێك بارودۆخی عێراق لە رووی ئابووری و دارایی و سیاسییەوە روون و سەقامگیر نەبێت و بەرەو ئایندەیەکی نادیارو خراپ بڕوات، ئەوا دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بیر لە رێگاچارەی دیکە بکاتەوە، واتە ناتوانێت پشت بە حکومەتی عێراق ببەستێت، بۆ ئەمەش دەبێت پرۆسەی چاکسازیی حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆسەیەکی گشتگیری هەمە لایەنە بێت و نابێت تەنیا چاکسازی لە مووچە و دەرماڵەکاندا بکرێت، واتە دەبێت چاکسازییەکی گشتی لە رووی دارایی و ئابوورییەوە ئەنجام بدرێت. دەبێت کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کار بۆ زیادکردنی داهاتەکانی بکات و خەرجیی ناپێویست نەمێنێت.

**بارودۆخی دارایی حکومەتی عێراق بە رادەیەک رووی لە خراپی کردووە، تەنانەت دوای وەرگرتنی قەرزیش توانای دابینکردنی مووچەکانی لەکاتی خۆیدا نەماوە**

**پرۆژە یاسای بودجەی گشتی ٢٠٢١ کە ناردیانە پەرلەمان، تەنیا یەک شەو لای سەرۆکی پەرلەمان بوو و، نەهاتە لیژنەی دارایی، واتە هەر زوو حکومەت بە هۆکارێکی نادیار پرۆژە یاساکەی گەڕاندەوە**

**دیار و روون نییە قەرزی یەکەم کە ١٥ تریلیۆن دینار بوو، حکومەتەکەی کازمی چۆن و لەچیدا خەرجی کرد، لە کاتێکدا وا پێویست بوو ئەو قەرزە لەگەڵ داهاتی نەوتی و بەشی مووچەکانی مانگی ٦ تاکو مانگی ١٠ ی بکردایە**

**بەپێی بەدواداچوونەکانی ئێمە لە لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق، داهاتی نەوتی و داهاتی ناوخۆیی پێویستە بەشی ٨٠٪ی مووچەی مووچەخۆران و پسوولەی خۆراک و دەرمان بکات و مانگانە تەنیا ٣ تریلیۆن دینار کورتهێنان هەیە**



## ماجید شنگالی

ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# تا پەکەکە و گرووپە چەکدارەکانی حەشدی شەعبی لە شنگال بمێنن خەڵکی ناگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان و شارەکە ئاوەدان ناکرێتەوە

**لە ناو شنگال هێزەکانی حەشدی شەعبی و پەکەکە وەکو دوو هێزی چەکدار پەنا بۆ زەبری هێز دەبەن، تاوەکو خۆیان بسەپێنن و کاری نایاسایی ئەنجام بدەن، لەمەشدا خەڵکی شنگال بوونەتە قوربانیی ئاوەداننەکردنەوە و ئاساییبوونەوەی شارەکەیان. بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی شنگال و دەڤەرەکە و ئەو کاروکردەوانەی دژ بە خواستی خەڵکی ئەنجام دەدرێت، گوڵان ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ ماجید شنگالی ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق ساز کرد.**

*** بارودۆخی ئێستای شنگال چۆنە، بەتایبەتی کە چەند هێزێکی هەمەڕەنگی میلیشیایی لەناو شارەکەدا هەن؟**

- بارودۆخی شنگال زۆر خراپە و تا دێت زیاتر روو لەخراپتر دەکات، ئەمەش دەرئەنجام و حاڵەتێکی پێشبینیکراو بوو، هەرگیز ناکرێت ناوچەیەك بەو هەموو گرووپە چەکدارەی نامۆ بە ناوچەکە و خەڵکەکە ئاخنراو بێت و کار بۆ ئەجیندای دوور لە بەرژەوەندیی گشتی و خەڵکی رەسەنی شنگال بکەین، یان چاوەڕوانی ئاساییبوونەوەی دۆخەکە بین، ئەو هەموو هێزو گرووپە چەکدارانە کە لە ناوچەکەدا بڵاوەیان پێ کراوە، بێ هیچ لێپرسینەوە و چاودێرییەك چەندین کاری نایاسایی و خراپ ئەنجام دەدەن و بوونەتە هۆی زیادبوونی حاڵەتی کوشتن و رفاندن و چەکدارکردنی کچ و منداڵی ئێزیدی، بۆیە هەرگیز لە دۆخێکی وادا سەقامگیری دروست نابێت و تا دێت زیاتر دۆخی ئاسایشی تەواوی دەڤەرەکە تێك دەچێت. بوونی پەکەکە و هێزە چەکدارەکانی جیاجیای سەر بە حەشدی شەعبی و حەشدی عەشائیری کە چەندین چەکداری بیانی لەناو ڕیزەکانیاندایە شنگالیان کردووەتە شوێنێکی ناسەقامگیر و نائارام و ئایندەی ناوچەکە دیار نییە، تەنانەت هێزە ئەمنییەکانی عێراق و سوپای عێراق و پۆلیسی ناوچەکە هیچ دەسەڵاتێکیان بەسەر ئەم ناوچەیە و کاروکردەوەکانی ئەو هەموو گرووپە چەکدارانەدا نییە، ئەم هێزانە هەریەکەو بەپێی ویست و خواستی خۆی ئیدارەیەکی ناشەرعییان بۆ شنگال داناوە، ئیدارەیەکی ناشەرعی و نایاسایی سەر بە گرووپە چەکدارەکانی پەکەکە و ئیدارەیەکیش سەر بە گرووپە جیاجیاکانی چەکدارەکانی حەشدی شەعبییە، ئەم ئیدارانەش بۆ ئەوە دانەنراون کە شارەکە و دەڤەرەکە ئاوەدان بکەنەوە و پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لەو شارە وێرانەدا دەست پێ بکەنەوە و سەروماڵی هاووڵاتیان بپارێزن، بەڵکو ئیدارەکە تەنیا بۆ هەژموونی دەسەڵات و قۆستنەوەی دۆخەکەیە بۆ بەدەستهێنانی هەندێك سوودی شەخسی و مەرام و مەبەستی دژایەتیکردنی کورد و جێبەجێکردنی ئەجیندەی دەرەکییە. بوونی هێزە چەکدارەکانی پەکەکەو حەشدی شەعبی هۆکاری سەرەکیی نەگەڕانەوەی ئاوارەکانی شنگالە کە تا ئێستا تەنیا لە ٢٠٪ی خەڵکی گەڕاونەتەوە ئەوانەش بە تەواوەتی نەگەڕاونەتەوە، بەڵکو بەشێك لە خێزانەکانیان لە ناو ئۆردوگاکانی پارێزگای دهۆکن.

*** ئایا لەم بارودۆخەدا دەتوانرێت چی بکرێت بۆ ئەوەی باردۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە؟**

- تا هێزی پەکەکە و گرووپە چەکدارەکانی سەر بە حەشدی شەعبی لە ناو شاری شنگال و دەڤەرەکەدا بمێنن و هەتا هێزی پێشمەرگە نەگەڕێنەوە، ئەو ناوچانە هەرگیز ئاوەدان نابنەوە، ئەوەتا تەنانەت بە هۆی بوونی پەکەکەوە ناو بەناو فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بارەگا و سەربازگەکانی پەکەکە لە شنگال بۆردومان دەکەن و لە ماوەی ساڵێکدا زیاتر لە ٢٠ هاووڵاتی سڤیل بوونەتە قوربانی، ئەم بۆردومان و گورزە ئاسمانییانە بە بیانووی بوونی پەکەکە لە شنگالدا بەردەوامە، باوەڕیش ناکەم شارێك لە ژێر دەسەڵاتی ئەو هەموو گرووپە چەکدارانەدا بێت و خەڵکی بیانی هاتبنە ناو شارەکەوە و شەڕی بەوەکالەت بکەن، ئەو شارە وا بەئاسانی ئاوەدان ببێتەوە و خەڵکەکە بگەڕێنەوە. سەردانە ئیعلامییەکەی کازمی بۆ لای ئاوارەکانی ئێزیدی هیچی بەدوادا نەهات. دەبوایە حکومەتەکەی کازمی بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شنگال و ئەو ناوچانە بکات و چیتر رێگە نەدات گرووپی چەکداری بیانی تەواوی ئەم ناوچە دەوڵەمەندە بە نەوت و سامانی سرووشتی و کاری بازرگانی لەگەڵ رۆژئاوادا بۆ مەبەست و مەرامی خۆیان بەکار بهێنن.

*** تا چەند دەکرێت کێشەکان بە رێگەی دانوستاندن و بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی چارەسەرێکی ئاشتییانەی بۆ بدۆزرێتەوە؟**

- پێویستە حکومەتی فیدراڵی و شەخسی کازمیی سەرۆك وەزیران لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا پڕۆژەیەکی هاوبەش رابگەیەنن، سەرەتا بۆ دەرکردنی ئەو هەموو گرووپە چەکدارەی کە لە شنگالن و بەداخەوە لە بەغدا هەندێك لایەنی سیاسی وایان کردووە حکومەتی ناوەندی مووچە بۆ ئەو هەموو چەکدارە نامۆیە لە شنگال دابین بکات، کە دژی کورد و گۆڕینی دیموگرافیای ناوچەکە بەکاریان دەهێنن. هەر بۆیە ئەرکی هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستانە پڕۆژەیەکی هاوبەش بۆ ئاوەدانکردنەوەی دابڕێژن و پۆلیسی ناوخۆیی و هێزەکانی سەر بە سوپای عێراق بە هەماهەنگی و هاوبەشی لەگەڵ چەند هێزێکی هاوبەشی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق ئەرکی پارێزگاریکردنی ناوچەکەیان پێ راسپێردرێت. واتا پێکەوە پێشمەرگە و سوپای عێراق ئەرکی پاراستنی هاووڵاتیان لەئەستۆ بگرن. ناکرێت حکومەتی ناوەندی ئیدعای ئاوەدانکردنەوە و نەهێشتنی چەك بەدەستی گرووپە چەکدارەکان بکات و دۆخی شنگالیش بەم شێوەیە بمێنێتەوە، من پێم وایە دەستێکی ناحەز لە مەرکەز هەیە بە هاندانی دەستی دەرەکی بۆ ئەوەی بارودۆخی ئەم ناوچەیە بەم شێوەیە بمێنێتەوە و کوردی ئێزیدی نەگەڕێنەوە سەر زێدی باوك و باپیرانیان، تاوەکو ئەم ناوچەیە لە رووی مەزهەبییەوە دیموگرافییەتی بگۆڕن.

**پەکەکە و هێزە چەکدارەکانی جیاجیای سەر بە حەشدی شەعبی و حەشدی عەشائیری کە چەندین چەکداری بیانی لەناو ڕیزەکانیاندایە شنگالیان کردووەتە شوێنێکی ناسەقامگیر و نائارام و ئایندەی ناوچەکە دیار نییە**

**سەردانە ئیعلامییەکەی کازمی بۆ لای ئاوارەکانی ئێزیدی هیچی بەدوادا نەهات. دەبوایە حکومەتەکەی کازمی بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شنگال و ئەو ناوچانە بکات**

**لە بەغدا هەندێک لایەنی سیاسی وایان کردووە حکومەتی ناوەندی مووچە بۆ ئەو هەموو چەکدارە نامۆیە لە شنگال دابین بکات، کە دژی کورد و گۆڕینی دیموگرافیای ناوچەکە بەکاریان دەهێنن**

# بە هەند وەرنەگرتنی هەڕەشەکانی پۆمپیۆ

## گرین زۆن دەکاتە چادرەکەی سەفوان



لە ساڵی ١٩٩١ و دوای شکان و کشانەوەی هێزەکانی سەدام حسێن لە کوێت، وا پێشنیار کرا کە لە ناوچەی سەفوانی سەر سنووری نێوان عێراق و کوێت، چادرێك هەڵبدرێت و ئاگربەس لە نێوان هێزەکانی عێراق و هاوپەیمانان رابگەیەندرێت، لەم کۆبوونەوەیەدا، شاندی عێراقی هیچ داواکارییەکیان نەبوو، دەبوو ئەو رێککەوتنە ئیمزا بکەن کە پێشتر ژەنراڵە ئەمریکییەکان ئیمزایان کردبوو، ئێستاش کە مایك پۆمپیۆ بە رێگەی سەرکۆماری عێراق، راشکاوانە حکومەتی عێراقی ئاگادار کردۆتەوە، ئەگەر نەتوانن باڵیۆزخانە و نێردە دیپلۆماتییەکان بپارێزن، ئەوا یەك لایەنە ئەمریکا بریاری خۆی داوە و باڵیۆزخانەکەی لە ناوچەی سەوزی بەغدا دادەخات، ئەمەش مانای ئەوەیە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا پێشنیاری نەخستۆتە بەردەمی حکومەتی عێراق، بەڵکو ناوەڕۆکی بریارێکی پێ راگەیاندوون کە عێراق دەخاتە بەردەم دووریانێك، یان پاراستنی باڵیۆزخانە و نێردە دیپلۆماتییەکان، یان داخستنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا، کە ئەمشیان بە تەنیا باڵیۆزخانەی ئەمریکا نابێت، بەڵکو بەشێکی زۆری دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعشیش دوابەدوای ئەمریکا باڵیۆزخانەکانی خۆیان لە بەغدا دادەخەن، لەم حاڵەتەشدا جیا لەوەی عێراق لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەچێتە خانەی ئەو دەوڵەتانەی کە ناتوانن رێزی یاسا نێودەوڵەتییەکان بگرن و، سەلامەتیی دیپلۆماتکارانی وڵاتان بپارێزن، لە هەمانکاتدا لەسەر شەڕی دژە تیرۆریش پشتیوانیی نێودەوڵەتی نامێنێت و عێراق ناتوانێت بە تەنیا شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش بکات و ئاشایش و سەقامگیریی بەشێکی زۆری وڵاتەکەی بپارێزێت.

**سەرۆک بارزانی و دامەزراوەکانی کوردستان لە هەوڵی ئەوەدان هێزی لۆژیک بە سەر لۆژیکی هێزدا سەربکەوێت**

### ● پۆمپیۆ .. کیسنجەرەکەی ترەمپ بۆ پراکتیزەکردنی تیۆریی پیاوە شێتەکە

لەگەڵ ئەوەی بنەچەی تیۆریی پیاوی شێت (Madman Theory) دەگەڕێتەوە بۆ هزری میکافیلی کە دەڵێت: «لە هەندێك حاڵەتدا کارێکی زۆر لۆژیکانەیە وەك شێت وتووێژ بکەیت»، بەڵام کە لە مێژووی سیاسەتی هاوچەرخدا پرسی ئەم تیۆرە دێتەپێشەوە، راشکاوانە دەگەڕێنەوە بۆ شەستەکانی سەدەی رابردوو کە هیرمان کان لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی: «بیرکردنەوەیەك ناتوانرێت مەزندە بکرێت ١٩٦٢» ئاماژەی بەوە کردووە، دەرکەوتن بە شێوەی کەمێك شێتی لە دانوستاندنەکاندا هۆکارێکی کارایە بۆ ئەوەی نەیارەکانت ملکەچ بکەن»، لەسەر ئاستی پراکتیزەکردنی کردەییش لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەرۆك (نیکسۆن ١٩٦٩-١٩٧٣)، نیکسۆن لە ساڵی ١٩٦٩ پەیامێکی هاوشێوەی پەیامەکەی ترەمپ کە بۆ عێراقییەکانی ناردووە، بۆ هۆشی مینەی سەرۆکی ڤێتنامی باکوور نارد و پێی راگەیاندبوو کە پێی بڵێن: سەرۆك نیکسۆن لە شەڕی ڤێتنام زۆر بێزار بووە و، دەیەوێت بە هەر نرخێك بێت شەڕەکە کۆتایی پێ بهێندرێت، ئەگەرنا سەرۆك نیکسۆن دەستی لەسەر دوگمەی بۆمبە نیوکلیارییەکانە و بە چەکی نیوکلیاری کۆتایی پێ دەهێنێت. دوای ئەم هەڕەشەیە هوشی مینە رازی بوو کە لە پاریس بە رێککەوتنی راگرتنی شەڕەکە رازی بێت. دیارە ئەمە یەکەمین پیادەکردنی تیۆرە شێتەکە نییە لە سەردەمی نیکسۆندا و جاری دیکەش بەرامبەر یەکێتی سۆڤیەت بەکاری هێناوە و هەڕەشەی هەڵگیرسانی شەڕێکی دیکەی جیهانی کردووە و سۆڤیەتی ناچار کردووە کە پاشەکشە بکات. لە ساڵی ٢٠١٧شەوە کە ترەمپ چۆتە کۆشکی سپی، جیاواز لە نیکسۆن کە ئەم تیۆرەی تەنیا دژی نەیارانی پیادە دەکرد، بەڵام ترەمپ لەبەرامبەر دۆست و دوژمن پیادەی دەکات و، توانیویەتی لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا بەرامبەرەکانی (ئەوجا دۆست بووبن، یان دوژمن) گەیاندبێتە ئەو قەناعەتەی کە ترەمپ بە جددی هەڕەشەکانی دەباتەسەر، هەر بۆ نموونە تەنیا ماوەی مانگێکی لە پۆستی سەرۆکایەتی تەواو نەکردبوو، لە کۆنگرەی میونشن لە شوباتی-٢٠١٧ هەموو دەوڵەتانی ئەندامانی هاوپەیمانی ناتۆ (پرسی پێداچوونەوەیان بە بودجەی ناتۆ لەلایەن ئەمریکاوە) بە گرنگی وەرگرت و هەر لەو کۆنگرەیەدا بریاریان دا، کە دەوڵەتانی ئەندامی ناتۆ پشکدارییەکی زیاتر لە بودجەی ناتۆ بکەن، بەمەش ئەمریکا لەناو ناتۆ مایەوە، هەر بۆیە ترەمپ لە ماوەی چوار ساڵی

**مایک پۆمپیۆ بە رێگەی سەرکۆماری عێراق، راشکاوانە حکومەتی عێراقی ئاگادار کردۆتەوە، ئەگەر نەتوانن باڵیۆزخانە و نێردە دیپلۆماتییەکان بپارێزن، ئەوا یەک لایەنە ئەمریکا بریاری خۆی داوە و باڵیۆزخانەکەی لە ناوچەی سەوزی بەغدا دادەخات**

رابردوو، دەیان جار تیۆریی پیاوە شێتەکەی بە سەرکەوتوویی پیادە کردووە، لە هەمووشیاندا سەرکەوتوو بووە و، هەر هەڕەشەیەکی کردبێت، وەك خۆی جێبەجێی کردووە. ئەمە وای کردووە کاتێك مایك پۆمپیۆ پەیامی سەرۆك ترەمپ دەداتە (دۆست و دوژمن)، گومان لەوەدا نییە کە ئەم تیۆرەی بەسەردا پیادە دەکات.

ئاشکرایە سەردانی شاندی حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی مستەفا کازمی بۆ واشنتۆن و دیدار و کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ شەخسی ترەمپ و وەزیری دەرەوە و تەواوی ستافی ئیدارەی ئەمریکی هێشتا مانگێکی تەواو نەکردبوو، کە پۆمپیۆ تەلەفۆنی هەڵگرت و بە سەرۆك کۆماری عێراقی ڕاگەیاند، ئەگەر حکومەتی عێراق نەتوانێت هێرشە مووشەکییەکان بۆ سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا ڕابگرێت، ئەوا سەرۆك ترەمپ بڕیاری داوە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا بکشێنێتەوە، لە بەرامبەردا حکومەتی عێراق زۆر بە جددی ئەم هەڕەشەیەی وەرگرتووە و هەر هەمان ڕۆژ بە پەلە وەزیری دەرەوەی عێراق سەردانی تارانی کرد، بۆ ئەوەی مەترسیی ئەم هەڕەشانە بە سەرۆك کۆماری ئێران بگەیەنێت، بەڵام پێ دەچێت، کۆماری ئیسلامیی ئێران لەم کاتەدا کە گەمارۆکانی ئەمریکا بڕستیان لێ بڕیوە، کەوتۆتە حاڵەتێکەوە کە هەموو گرەوێك لەسەر ریسوابوونێکی سیاسی بۆ ئێستای ترەمپ دروست بکات، کە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا کەمتر لە ٣٠ ڕۆژی ماوە، بۆیە پێ ناچێت سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی عێراق هیچ سەرکەوتنێکی لەسەر ئەم دۆسیەیە بەدەست هێنابێت.

لە بەرامبەردا پرسیار ئەوەیە: ئایا ترەمپ لە بەردەوامیی هێرشە مووشەکییەکان بۆ سەر باڵیۆزخانە و بنکە سەربازییەکان کە هەفتەی ڕابردوو هەولێریشی گرتەوە، بێدەنگ دەبێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ ئێستای ترەمپ کە دووبارە کاندیدە بۆ سەرۆکی ئەمریکا، بێدەنگییەکەی دەکاتە (خۆکوژیی سیاسی) و، ئەگەر بێدەنگی هەڵبژێرێت، ئەوا دەبێت کۆشکی سپی بەجێبهێڵێت، بۆیە چۆن لە کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ بە شێوەیەك وەڵامی هەڵکوتانە سەر باڵیۆزخانەکەی لە بەغدا دایەوە، کە هیچ کەسێك مەزندەی نەدەکرد، ئەوا ئەمجارە ئەگەر توندتر وەڵامی نەبێت، ئەوا بۆ دواجار دەبێت ماڵئاوایی لە سیاسەت و سەرۆکایەتی بکات.

**● کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئیدارەی ئەمریکا گەیشتوونەتە خاڵی نەگەڕانەوە**

کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر باش گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە دەرچوونەوەی ترەمپ بۆ ماوەی چوار ساڵی داهاتوو، ئەمە مانای ئەوەیە دەبێت ئێران بە هەموو مەرجەکانی ئیدارەی ئەمریکی ڕازی بێت و، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئیسرائیل و دەوڵەتانی عەرەبی هاوپەیمانی ئیسرائیل چۆڵ بکات، ئەمەش ڕاشکاوانە ئەو مانایەی هەیە کە دەبێت ئێران دەست لە دروشمی هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوە هەڵبگرێت، ئەم حاڵەتە بۆ ئەو بنەمایانەی شۆڕشی ئیسلامی لەسەر بونیاد نراوە، واتە کۆتاییهاتنی شۆڕشی ئیسلامی، بۆیە لە ماوەی ئەم مانگەی کە بۆ هەڵبژاردنەکانی نۆڤەمبەر ماوە، ئەگەر شکستێکی هاوشێوەی شکستی ڤێتنام بەسەر ترەمپ نەهێنێت، ئەوا هیچ هێزێك نییە شەمەندەفەری سەرۆکایەتیی ترەمپ بۆ جاری دووەم بۆ کۆشکی سپی ڕابگرێت.

هەموو لایەك دەزانن کە تێچووی شەڕی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە بە سێ ترلیۆن دۆلار مەزندە کراوە هەر، لەسەر ئەم بنەمایەش ناوی لێ نراوە «شەڕی سێ ترلیۆن دۆلار»، ئەمە بێجگە لەوەی زیاتر لە پێنج هەزار سەربازی ئەمریکی کوژراون و بە دەیان هەزاری دیکەش بریندار بوون، بۆیە داگیرکردنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا و بە بارمتەگرتنی دیپلۆمات و کارمەندەکانیان، دەبێتە شکستێکی هاوشێوەی ڤێتنام بۆ ترەمپ، هەروەك داگیرکردنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران لە دوای سەرکەوتنی کۆماری ئیسلامی لە ١٩٧٩ بووە ئەو شکستە گەورەیە بۆ جیمی کارتەر، کە هێشتا ئیمزای ڕێککەوتنی کامپ دیڤید وشك نەبووبوو. هەربۆیە گرەوی ئێران لەسەر ئەوەیە پێش ئەوەی ئیمزاکانی سەر ڕێککەوتنی ئیبراهیم وشك ببنەوە، شکستێك بە سەر ترەمپ بهێنێت کە دووبارە کۆشکی سپی نەبینێتەوە. بەپێی لێدوانی سەرکردەی ئەو میلیشیایانەی

> **ترەمپ لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوو، دەیان جار تیۆریی پیاوە شێتەکەی بە سەرکەوتوویی پیادە کردووە، لە هەمووشیاندا سەرکەوتوو بووە و، هەر هەڕەشەیەکی کردبێت، وەك خۆی جێبەجێی کردووە**

> **بۆ ئێستای ترەمپ کە دووبارە کاندیدە بۆ سەرۆکی ئەمریکا، بێدەنگییەکەی بەرامبەر بە پەلاماردانی باڵیۆزخانە و نێردە دیپلۆماتییەکانی ئەمریکا دەبێتە (خۆکوژیی سیاسی) و ئەگەر بێدەنگی هەڵبژێرێت، ئەوا دەبێت کۆشکی سپی بەجێبهێڵێت**

حەشدی شەعبی کە لە شاشەی تەلەفزیۆنە عێراقییەکانەوە پشتگیری لە (مقاوەمەت بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا) دەکەن، تەلاری باڵیۆزخانەی ئەمریکا، باڵیۆزخانە نییە، بەڵکو شوێنێکە بۆ جاسووسی و دروستکردنی فیتنە لە عێراقدا، لەمەش زیاتر بانگەشەکانیان هاندانە بۆ ئەوەی لە تەواوی بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا بدرێت، لە هەر شوێنێکی عێراقدا بێت، ئەمەشیان کردە کردەیی، وەك بینیمان لە کۆتایی هەفتەی رابردوو بە ئامانجی بۆردمانکردنی بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا چەند رۆکێتێکی کاتیۆشایان بە هەولێرەوە نا.

لەبەرامبەردا مایك پێنس جێگری سەرۆکی ئەمریکا لە وتارەکەی هەفتەی رابردوویدا لە ویلایەتی ڤێرجینا، زۆر راشکاوانە ئاماژەی بەوە کرد کە هەڵبژاردنی ئەمجارە گرنگ و بێ وێنەیە لە مێژووی ئەمریکادا، ململانێکەش لە نێوان هەردوو پارتی (کۆماری و دیموکراتی) دا نییە، بەڵکو ململانێکە لەسەر ئەوەیە (ئایا ئەمریکا هەر بە گەورەیی بمێنێتەوە، یان دووبارە بۆ دواوە بگەڕێتەوە؟) بۆیە بە هیچ شێوەیەك بواری ئەوەی تیا نییە کە بۆ چوار ساڵی دیکە ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا نەبێت.

ئەگەر سەرنج لەم وتانەی پێنس بدەین، دیارە «ترەمپ وتەی زۆر زبرتری هەیە و، هەڕەشەی ئەوە دەکات ئاکامی هەڵبژاردنەکە قبوول نەکات»، دەبینین بۆچوونێکی وا لەناو پارتی کۆماریدا دروست بووە، هەتا ئەگەر کار گەیشتە ئەوەی دەستووری ئەمریکی بخرێتە ژێر پێوە، ئەوا ناتوانن دەستبەرداری ئەوە بن، پرۆسەی ئاشتییانەی دەسەڵات ئەمجارەیان جێبەجێ بکەن. ئەمەش کۆتاییهێنان دەبێت بەو ئەمریکایەی وەك (کۆمارێکی ئازاد) شانازییان پێوە دەکرد، نانسی بلوسی گوتەنی «ئێستا نازانرێت ئەمە ئەمریکایە، یان شانشینی عەرەبستانی سعودیە».

لەناو کۆنتێکسدا لە بەینی دوو کەوانەدا، ئەگەر ئیدارەی ئێستای ترەمپ لەسەر مانەوەی خۆیان لە کۆشکی سپی، ئامادە بن کۆمارێکی ئازاد بکەنە عەرەبستانی سعودی، ئەوا دەبێت مەزندەی ئەوە بکەین، ئەگەر کۆماری ئیسلامی بیەوێت کارتی کۆمارییەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەمجارەی سەرۆکایەتیی ئەمریکا لەناو عێراقەوە بسووتێنێت، ئایا دەبێت ئاست و قەبارەی بەرپەرچدانەوەکان، نەك تەنیا بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەڵکو دەبێت بۆ حکومەتی ئێستای عێراقیش چۆن بن؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش ئەوەیە نابێت لە بەرپەرچدانەوەکەی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ کەمتر بێت.

**● رۆڵی رووسیا لە هێورکردنەوەی ئێران و دەستکەوتی سیاسیی خۆیدا**

دوای ئەوەی ئەمریکا چاوپۆشی لە دۆسێی کریما بۆ بەرژەوەندیی رووسیا کرد و، کێشەکە لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی و هاوپەیمانیی ناتۆ و یەکێتیی ئەورووپا بووە شتێکی لاوەکی، هەروەها ئەمریکا لە شەڕی سووریاشدا لەگەڵ رووسیا رۆڵیان دابەش کرد، ئەوا رووسیاش لە چەندین پرسی دیکەدا رۆڵی میانگیری ژێربەژێر یان ئاشکرا لە بەرژەوەندیی راستەوخۆی ئەمریکا بەگشتی و ئیسرائیل بەتایبەتی دەگێڕێت، تەنانەت ئامادەیە نێوەندگیریی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی سووریا لەگەڵ ئیسرائیلیشدا بکات.

رۆڵی سەرکەوتووی ئێران لە شەڕی سووریا و شەڕی دژی داعش لە عێراقدا، لەژێر چەتری هەژموونی رووسیادا بووە، بۆیە ئێرانیش لە پێگەیەکدایە کە ناتوانێت رێز لەو داواکارییانە نەگرێت کە رووسیا بە جددی جەختیان لەسەر دەکاتەوە.

بۆ ئێستای هاوکێشە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کۆی ئەورووپا، مانەوەی ترەمپ لە پۆستی سەرۆکایەتیی ئەمریکا بە پلەی یەکەم لە بەرژەوەندیی ئیسرائیل و رووسیادایە، پوتین لە رێگەی ئیسرائیلەوە ئەو کۆدانەی سیاسەتی ئیدارەی ترەمپی کردۆتەوە، بەوەی ئەم ئیدارەیە نایەوێت دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی هیچ دەوڵەتێکدا بکات، بە مەرجێك ئەو دەوڵەتە ئامادە بێت بە دڵی ئیدارەکە سەفقەیەکی لەگەڵ ئیمزا بکات، ئەوجا ئەو دەوڵەتە سەرۆکەکەی (دیکتاتۆرە، یان خۆسەپێن و دەسەڵاتخواز)، ئەوە نابێتە کێشەیەکی ئەوتۆ بۆ پەیوەندیی ئەمریکا لەگەڵیدا، لەم چوارچێوەیەدا ڤلادیمێر پۆتین باش دەزانێت لە چاو ئیمکانیەتی ئێستای ئەمریکا لە هەموو

**بۆ ئێستای هاوکێشە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کۆی ئەورووپا، مانەوەی ترەمپ لە پۆستی سەرۆکایەتیی ئەمریکا بە پلەی یەکەم لە بەرژەوەندیی ئیسرائیل و رووسیادایە**

**راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی عێراق بڕوایەکی گەورەی بە ئەزموونی سەرۆك بارزانی و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان هەیە، هەروەها دەزانێت پشتگیری کوردستانیش لە ئێستادا بۆ هەوڵەکانی حکومەتی عێراق لەسەر ئاستی عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش سەنگ و بایەخی زۆری دەبێت**



ناوچەی سەفوان لەژێر چادرێك هێزەكانی عێراق و هاوپەیمانان ئیمزای رێكەوتنی ئاگربەس دەكەن.

بوارەكاندا، سۆپەرپاوەرەكەی یەكێتیی سۆڤیەتی پێشان نییە كە بەرامبەری رابوەستێت، بۆیە باشترین رێگە بۆ ئەوەی وەك سۆپەرپاوەر لەناو هاوكێشە نێودەوڵەتییەكاندا بمێنێتەوە و ئەمریكا جارێكی دیكە لە ناو ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی (ڤیتۆكەی ژێر پێ نەخا)، ئەوەیە كە ئامادە بێت وەك رووسیا راستەوخۆ لەگەڵ ئەمریكا سەفقەیەك ئیمزا بكات و، رۆڵی كاریگەریش لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە بگێڕێت كە كێشەیان لەگەڵ ئەمریكادا هەیە، بۆ ئەوەی لە ناوچە جیاجیاكانی جیهاندا جێگە پێی خۆی بكاتەوە، هەروەك چۆن ئێستا لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونێكی بەرچاوی هەیە و، بە رۆڵگێڕانیشی لە نێوان كیم ئۆن جۆنی سەرۆكی كۆریای باكوور و دۆناڵد ترەمپیش رۆڵێكی باشتری لە رۆژهەڵاتی ئاسیا دروست كردۆتەوە.

ئێستا كە ئامانجی كۆماری ئیسلامی ئێران ئەوەیە، كێشەكە ئەو ئاستە لەنێوان ئێران و ئەمریكا هەڵبكشێت كە پێویست بكات رووسیا رۆڵی تیا بگێڕێت، ئەوا رووسیا چۆن لە سووریا رێگەی نەدا هێزەكانی بەرپەرچی ئیسرائیل بدەنەوە (ئەوجا بەهەر بەڵێنێك بێت)، ئەوا ئەمجارەش دەتوانێت مەترسیی دەرچوونەوەی ترەمپ لەسەر كۆماری ئیسلامیی ئێران كەم بكاتەوە، بەو مەرجەی ئێران نەیگەیەنێتە ئەوەی ئەمریكا ناچار بێت باڵیۆزخانەكەی دابخات. ئەم ئاراستەیە لە ئێستادا تا رادەیەكی زۆر هەستی پێ دەكرێت، بەتایبەتی كە سەركردەكانی لایەنە سیاسییەكانی شیعەی عێراق بە سەركردەكانی حەشدی شەعبیشەوە بە فەرمی ئیدانەی هەڵكوتانە سەر باڵیۆزخانە و نێردە دیپلۆماتییەكان دەكەن و، خۆیان لەو میلیشیایانە بێبەری دەكەن، كە بەردەوام مووشەكبارانی باڵیۆزخانە و بنكە سەربازییەكانی ئەمریكا دەكەن.

ئەمە ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە، ئەم شەڕەی ئێستای ئێران دەیكات لەگەڵ ئەمریكا، جۆرێكە لە سیاسەت بە ئامرازی دیكە و،

**نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان ئامادەباشیی هەرێمی پیشان دا كە پشتگیریی سەقامگیری و ئاسایشی عێراق دەكات، بەڵام لەبەرامبەردا، چەند دەستێك كە دەیانەوێت عێراق بكەنە قوربانیی بەرژەوەندیی وڵاتانی دیكە، بە تێگرتنی چەند مووشەكێك لە هەولێر، وەڵامی پشتگیری و هاوكارییەكانی هەرێمی كوردستانیان دایەوە**



هیچ دوور نییە دانوستاندنێکی نهێنی، یان بە ڕێگەی سێیەم لە نێوان ئێران و ئەمریکا هەبێت و، هەردوولا بۆیە گوشار لە یەکتری دەکەن، بۆ ئەوەی ماسوولکەکانیان بە بەهێزی لەسەر مێزی دانوستاندن پیشانی یەکتری بدەن.

لە مێژووی ململانێی سەربازیی و سیاسی لەگەڵ ئەمریکادا، تەنیا ژاپۆن لە پیرل هاربەر شکۆ و باڵادەستیی ئەمریکای ژێر پێ خست، بۆیە وێڕای ئەوەی ژاپۆن لە جەنگی دووەمی جیهانیدا دیکۆمێنتی تەسلیمبوونیشی ئیمزا کرد، ئەوجا ئەمریکا وەك تۆڵەسەندنەوە بە بۆمبی نیوکلیاری هەردوو شاری (هێرۆشیما و ناکازاکی) کاول کرد، کۆماری ئیسلامیی ئێران دوای کوشتنی قاسم سولەیمانی، ئەو لۆژیکەی پیشانی جیهان دا کە وەك ژاپۆنی پێش جەنگی جیهانیی دووەم سیاسەت ناکات و دەزانێت تاکوێ لەگەڵ ئەمریکادا دەیکێڵێت، بۆیە کێشەکەی هێور کردەوە، نەك ئاڵۆزتری بکات، ئەمجارەش لەوانەیە تەنیا هەڕەشەی دوور بە دوور بێت و نەیگەیەنێتە ئەوەی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا بەو ئاستە بریندار بکات، کە کاردانەوەکانی پاکانەی بۆ نەبێت.

**● مشتومڕی عێراقییەکان**
**سەبارەت بە هەڕەشەکانی پۆمپیۆ**

لە دوای هەڕەشەکانی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە داخستنی باڵیۆزخانەکەیان لە بەغدا، قسەو باسی گەرمی تەلەفزیۆنە عەرەبییەکانی عێراق، هەڵسەنگاندنی لایەنی ئەرێنی و نەرێنیی ئەم پرسەیە، بە شێوەیەکی گشتی، لە لایەکەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە، کە عینادیکردن لەگەڵ مایك پۆمپیۆی وەزیری دەرەوەی ئێستای ئەمریکا، وەك عینادییەکەی تاریق عەزیزی جێگری سەرۆك وەزیرانی ڕژێمی سەدام حوسێن وادەبێت، لەگەڵ جیمیس بیکەری وەزیری دەرەوەی ئیدارەی جۆرج بوشی باوکدا، ئەمەش بەو مانایەی چۆن جیمیس بیکەر بە تاریق عەزیزی وتبوو لە کوێت نەکشێنەوە، دەتانگێڕینەوە چەرخی کشتوکاڵی، ئەوا ئەگەر ئەمجارەش نەتوانرێت هەڕەشەکانی پۆمپیۆ جێبەجێ بکرێت، ئەوا عێراق نەك دەگەڕێتەوە بۆ چەرخی کشتوکاڵی، بەڵکو لە ئەگەری سەرهەڵدانەوەی تیرۆیستانی داعش، یان هەر




ناوێکی دی، ئەوا عێراق دەبێتە پۆری خوراو بە دەستی تیرۆریستانەوە و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وەك دەوڵەتێکی بێ شکۆ و بێ سەروەری لە قەڵەم دەدرێت. لەلایەکی دیکەشەوە، هەندێك لە هەڕەشەکردن هەر بەردەوامن و پێیان وایە ئەگەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا ناچار بکەن، دابخرێت و هێزەکانیان لە عێراق بکرێتە دەرەوە، ئەوا ئەمە دەبێتە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ شیعە و هەموو کێشەکانی عێراقیش چارەسەر دەبێت.

لە میانی ئەم دوو بۆچوونەدا، بۆچوونێکی دیکەش هەیە، کە بە شێوەیەکی لۆژیکانە جەخت لەسەر پەیوەندی و هاوپەیمانیی نێوان ئەمریکا و عێراق دەکاتەوە و، لە هەوڵێك دەچێت بۆ ئەوەی میلیشیا ولائیەکان بگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی کە بەردەوام لەسەر ئەم رەوتەی دژایەتیی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە عێراقدا کارێکی لۆژیکی نییە و، ئەمریکا هەتا ئێستاش هاوپەیمانی عێراقە و مەرجەعی نەجەفیش پەیوەندیی نێوان حکومەتی عێراق و ئەمریکای حەرام نەکردووە و، وەك مەرجەعی قوم بە شەیتانی گەورە ناوزەدی نەکردووە. سەبارەت بە بەرژەوەندییە ئابووری و سەربازییەکانی عێراقیش لە مانەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا، زۆر راشکاوانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، هەموو ئەو چەکانەی بەدەست هێزە چەکدارەکانی عێراقەوەن، بە فڕۆکەکانی F16 شەوە، هەموویان چەکی ئەمریکین و، ئەگەر پەیوەندیمان لەگەڵ ئەمریکا نەمێنێت، ئەوا پارچەی یەدەگی ئەم چەکانەمان نابێت و، ئەم چەکانەش وەك چەکی رووسی نین، تا بتوانرێت لە شوێنی دیکە بۆیان دروست بکەینەوە، ئەمانە هەموویان کۆدیان هەیە و تەنیا لە ئەمریکا دروست دەکرێنەوە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا پشتگیری لە هەوڵەکانی حکومەتی عێراق دەکەن، بۆ ئەوەی هەر چۆنێك بێت، ئەو میلیشیایانە ئاشکرا بکرێن کە پابەندی بڕیارەکانی حکومەت نابن.

دیارە ئەوانەی چاودێریی بارودۆخی سیاسی و ئاسایشی عێراق دەکەن و، لە نزیکەوە ئاگاداری ئەوەن کە پێش ئەم هەڕەشانە و، لە کاتی سەردانی شاندی عێراق بە سەرۆکایەتیی مستەفا کازمی بۆ واشنتۆن، ئیدارەی ئەمریکی راشکاوانە بە کازمی-یان گوتووە، ئەوەی ئێستا

لە عێراقدا دەگوزەرێت، عێراقی لە پێناسەی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری هێناوەتە دەرەوە، بۆیە ئەگەر دەتانەوێت عێراق بکەنەوە بە دەوڵەت، ئەوا دەبێت راشکاوانە ددان بەو راستییەدا بنێن کە ئێستا عێراق دەوڵەت نییە.

مستەفا کازمی دوای ئەوەی لە واشنتۆن گەڕایەوە و، پاش ئەوەی رۆژی ٢٦ی ئابی ٢٠٢٠ لەگەڵ سەرکردەی لایەنە شیعەکان کۆبووەوە، بە راشکاوی پەیامی ئیدارەی ئەمریکی پێ راگەیاندن، ئەوە بوو سەرکردەی لایەنە شیعەکان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە ئەمجارەیان هیچ چارە نییە و، دەبێت وەڵامدانەوەیەکی جددییان بۆ داواکاریەکانی ئەمریکا هەبێت، هەر بۆیە دوای چەند رۆژێك لەو کۆبوونەوەیە و لە رێوڕەسمی یادی عاشوورا، مستەفا کازمی گوتارێکی پێشکەش کرد و، لە گوتارەکەیدا راشکاوانە ئەمەی لە خەڵکی عێراق بەگشتی و شیعەی عێراق بەتایبەتی گەیاند و گوتی: ئێستا ئێمە لە قوناخەداین، ئایا دەوڵەت نەبین، یان دەوڵەت بین؟ لە وەڵامدا هەر خۆی گوتی: دەبێت قۆناخی نادەوڵەت کۆتایی بێت و ببینە دەوڵەت.

هەموو ئەم پێشهاتانە پێمان دەڵێن، سەرکردەکانی شیعەی عێراق ناچار بوون پەرداخە ژەهرەکەی هەڕەشەکانی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بخۆنەوە، بەڵام چاوەڕێی ئەوەن کە ئیدارەی ئێستای ئەمریکا، بەشی هێندە هەڕەشەکانی خۆی خاو بکاتەوە، بۆ ئەوەی بە تەواوەتی وەك تەسلیمبوو دەرنەکەون.. بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەمریکا ئەمە بەرامبەر سەرکردە شیعەکانی عێراق دەکات؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا لەگەڵ ئەوەی بۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام ئەوانەی شارەزان لە سیاسەتی ئەمریکی بەگشتی و سیاسەتی ئێستای ئیدارەی ترەمپ دەڵێن: ئەوەی لای ئیدارەی ئێستای ترەمپ گرنگە، ئەوەیە سەفقەیەکی سەرکەوتوو ئیمزا بکات و دەستکەوتێکی گەورەی دەست بکەوێت، بۆیە هیچ دوور نییە وەك ئەوەی لە کۆبوونەوەکەی سەفوان لەساڵی ١٩٩١ کردیان و، ژەنراڵەکەی عێراقیان چەك کرد، پێش ئەوەی بچێتە ناو کۆبوونەوەکە، لە هەمانکاتدا ژەنراڵە ئەمریکییەکە، دەمانچەکەی خۆی دایە پاسەوانەکەی بۆ ئەوەی وای پیشان بدات، هەردوو بێ چەك قسە لەسەر رێککەوتنی ئاگربەستەکە دەکەن.

**● هەرێمی کوردستان**

**لەناو بەرداشی ئەم پاشاگەردانییەی عێراقدا**

بەها ئەعرەجی جێگری پێشووی سەرۆك وەزیرانی عێراق و سیاسەتمەداری دیاری ناو تەیاری سەدر و نزیك لە موقتەدا سەدر، لەسەر پرسی هەڕەشەکانی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرامبەر ئەم پرسانە بەتایبەتی ئەگەر ئەمریکا دوای داخستنی باڵیۆزخانەکەی لە بەغدا بڕیاری دا بیگوازێتەوە بۆ هەولێر، لە وەڵامدا بە پێشکەشکارەکەی کەناڵی دجلەی راگەیاند: سیاسەتمەدارانی هەرێمی کوردستان پراگماتین و دەزانن چۆن بەرژەوەندیی گەلی خۆیان دەپارێزن، ئەوان ئەزموونیان هەیە و دەزانن چۆن لەگەڵ کێشە ئاڵۆزەکان مامەڵە دەکەن.

ئەم قسانەی ئەعرەجی، هێمایەکن بۆ سەردانەکانی ئەم دواییەی قاسم ئەعرەجی راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی عێراق و فایق زیدان سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری عێراق بۆ هەرێمی کوردستان و کۆبوونەوەیان لەگەڵ سەرۆك بارزانی و سەرۆکی هەرێم و سەرۆك وەزیرانی کوردستاندا.

سەبارەت بە سەردانەکەی راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی عێراق بۆ کوردستان، دیارە ئەم سەردانەی پێش کۆبوونەوەکانی بووە لەگەڵ باڵیۆزی ئەمریکا لە بەغدا و نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی عێراق کە ئامانجی لە سەردان و کۆبوونەوەکانی ئەوەیە کە ئەم بەڵایە لەکۆڵ عێراق بکاتەوە، بڕوایەکی گەورەی بە ئەزموونی سەرۆك بارزانی و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان هەیە، هەروەها دەزانێت پشتگیری کوردستانیش لە ئێستادا بۆ هەوڵەکانی حکومەتی عێراق لەسەر ئاستی عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش سەنگ و بایەخی زۆری دەبێت.

بەڵام سەردانەکەی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەریی عێراق، لە دوای کۆبوونەکەی لەگەڵ هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی (پەلەمان، حکومەت، کۆمار)ی عێراق بووە، ئەم سێ سەرۆکایەتییە بۆ شێوازی وەڵامدانەوەی

**ئەو بایکۆتکردنەی کوردستان و سوننە لە بڕیاری پەرلەمان بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، سەنگی بۆ بڕیارەکەی پەرلەمانی عێراق نەهێشتەوە و بڕیارەکەی لە چوارچێوە نیشتمانییەکەی دەرهێنا و وەک بڕیارێکی مەزهەبگەرایی سەیر کرا**

هەڕەشەکانی پومپیۆ کۆبوونەوە و سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەریشیان بانگهێشت کردووە، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەنجومەنی باڵای دادوەری و لە چوارچێوەیەکی یاساییدا ڕێوشوێنی پێویست بەرامبەر ئەو میلیشیایانە وەربگرن، لە وەڵامدا وەك کەناڵە عێراقییەکان ئاماژەی پێ دەکەن، سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری پێی گوتوون، ئەم پرسە پێویستی بە پشتگیریی لایەنە سیاسییەکان و ڕێککەوتنی پێشوەختەی سیاسی هەیە و، دەبێت لایەنە سیاسییەکان پشتگیریی ئەنجومەنی دادوەری بکەن، بۆ ئەم پشتگیرییەش ڕاستەوخۆ سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد، چونکە ئەویش دەزانێت کە پێگەی سەرۆك بارزانی و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراق و بۆ گەیاندنی لایەنە سیاسییەکانی شیعە بەو قەناعەتەی بەرژەوەندیی عێراق لە چیدایە، کلیلی سەرەکیی کردنەوەی ئەم کێشەیە دەبێت و، ئەگەر پشتگیری سەرۆك بارزانی و دامەزراوەکانی کوردستان بەدەست بهێنێت، ئەوا ئەو کارانەشی ڕووبەڕووی ئەو دەکرێنەوە، ئاسانتر دەبێت، دیارە دوای ئەم سەردانانە، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئامادەباشیی هەرێمی پیشان دا کە پشتگیریی سەقامگیری و ئاسایشی عێراق دەکات، بەڵام لەبەرامبەردا، چەند دەستێك کە دەیانەوێت عێراق بکەنە قوربانیی بەرژەوەندیی وڵاتانی دیکە، بە تێگرتنی چەند مووشەکێك لە هەولێر، وەڵامی پشتگیری و هاوکارییەکانی هەرێمی کوردستانیان دایەوە.

دیارە لە کانوونی دووەمی ٢٠٢٠، پەرلەمانتارەکانی سوننە دوای ئەوەی بینییان فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە پەرلەمانی عێراق لەگەڵ ئەوەدا نین، پەرلەمان بڕیار لەسەر کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بدات، ئینجا هۆڵەکەیان بەجێهێشت. ئەو بایکۆتکردنەی کوردستان و سوننە لە بڕیاری پەرلەمان بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، سەنگی بۆ بڕیارەکەی پەرلەمانی عێراق نەهێشتەوە و بڕیارەکەی لە چوارچێوە نیشتمانییەکەی دەرهێنا و وەك بڕیارێکی مەزهەبگەرایی سەیر کرا، ڕاستە بڕیارەکە بە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانی شیعە پەسەند کرا، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع نەتوانرا جێبەجێ بکرێت.

هەرێمی کوردستان لە کانوونی دووەمی ئەمساڵ، ڕاشکاوانە سەرکردەکانی لایەنە شیعەکانی عێراقی لەو ڕاستییە حاڵی کرد، کە دەوڵەتێکی موزائیکی وەك عێراق بە بڕیاری زۆرینەی مەزهەبێك بەڕێوە ناچێت و، ئەگەر دەتانەوێت ئەم وڵاتە ببێتە ئەو دەوڵەتەی نیشتمانی هەموو پێکهاتەکان بێت، ئەوا دەبێت دەستبەرداری ئەقڵییەتی زۆرینە و کەمینە بن.

لە کێشەی ئەمجارەی هەڕەشەکانی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و بەردەوامیی مووشەکبارانکردنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا و نێردە دیپلۆماتییەکان، جارێکی دی هەڵوێستی هەرێمی کوردستان، جیا لە سوننە، هەڵوێستی بەشێکی زۆری لایەنە سەرەکییەکانی شیعەشی گۆڕیوە، بەشی هەرە زۆریان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، ئەگەر بڕیار وایە عێراق دەوڵەت بێت، ئەوا دەبێت پابەندی پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان بن و ڕێز لە باڵیۆزخانە و نێردە دیپلۆماتییەکان بگرن، ئەگەر بڕیاریشتان داوە عێراق دەوڵەت نەبێت و تەنیا شیعەستان بێت، ئەوا پێکهاتەکانی دیکەی عێراق خۆیان ناخەنە ژێر ئەو بارەوە کە یاسا و پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان ڕەتی دەکەنەوە.

بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان، ئاسایش و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان تایبەتمەندی خۆی هەیە و، دوای ئەو چەند مووشەکەش کە لە دەشتی نەینەواوە بە هەولێرەوە نران، سەرۆك وەزیرانی کوردستان زۆر ڕاشکاوانە پەیامی خۆی گەیاندە ئەو دەستانەی لە پشت ئەو هێرشەوە بوون، بەڵام لە هەمانکاتدا بۆ هەرێمی کوردستان، ئاسایش و سەقامگیریی عێراقیش گرنگە و باش دەزانین ئەگەر عێراق ناسەقامگیر بێت و بەرەو شەڕ و ئاژاوە بڕوات، ئەوا پریشکێکیشی بەر کوردستان هەر دەکەوێت، بۆیە سەرۆك بارزانی و دامەزراوەکانی کوردستان لە هەوڵی ئەوەدان هێزی لۆژیك بە سەر لۆژیکی هێزدا سەربکەوێت، ئەوەشی هەر عینادی بکات و بیەوێت لۆژیکی هێز باڵادەست بێت، کوردستان نابێتە بەشێك لەو ئاکامەی کە لۆژیکی هێز دەهێنێتە ئاراوە.

**هەرێمی کوردستان لە کانوونی دووەمی ئەمساڵ، ڕاشکاوانە سەرکردەکانی لایەنە شیعەکانی عێراقی لەو ڕاستییە حاڵی کرد، کە دەوڵەتێکی موزائیکی وەک عێراق بە بڕیاری زۆرینەی مەزهەبێک بەڕێوە ناچێت و، ئەگەر دەتانەوێت ئەم وڵاتە ببێتە ئەو دەوڵەتەی نیشتمانی هەموو پێکهاتەکان بێت، ئەوا دەبێت دەستبەرداری ئەقڵییەتی زۆرینە و کەمینە بن**

## دیمانەی تایبەت



مایکڵ دێش پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی نۆتردام و بەڕێوەبەری سەنتەری ئاسایشی نێودەوڵەتییە لە هەمان زانکۆ، دوو جاریش سەرۆکی بەشی زانستی سیاسی بووە لە زانکۆی ناوبراو. هەروەها بەڕێوەبەر و دامەزرێنەری ئەنستیتوتی سکۆکرافت بۆ کاروبارە نێودەوڵەتییەکانە. بۆ شرۆڤەکردنی چەند پرس و بابەتێکی پەیوەندیدار بە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەند پرس و پەرەسەندنێکی ئەم ناوچەیە گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا.

## مایکڵ دێش

بەڕێوەبەری سەنتەری نۆتردام بۆ ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ گوڵان:

# هەڕەشەی ئەمریکا بە داخستنی باڵیۆزخانەکەی لە بەغدا تەنیا بۆ گوشاردروستکردنە

*** چۆن لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ دەڕوانیت لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە تایبەتی دوای ئەوەی سەرکەوتوو بوو لە لێکنزیککردنەوەی هەردوو وڵاتی ئیسرائیل و ئیمارات و هێنانەئارای ڕێککەوتنی ئاشتی لە نێوانیاندا؟**

- لە راستیدا دەتوانین بڵێین ئەم ڕێککەوتنەی ئاشتی لە نێوان هەردوو وڵاتی ئیسرائیل و ئیمارات بە پەرەسەندنێکی ئەرێنی دێتە هەژمارکردن، بەڵام لە هەمان کاتدا ناکرێت زیادەڕەوی بکرێت لە گرنگیی ئەم ڕێککەوتنەدا، لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین کە پێشتر و بە شێوەیەکی نافەرمی هاوهەڵوێستی هەبوو لە نێوان ئیسرائیل و سعودیە و هەندێ لە وڵاتانی کەنداو لەبارەی نیگەرانییەکی هاوبەشی نێوانیان کە ئەویش ئێرانە. لە هەمان کاتدا ناکرێت زیادەڕەوی بکەین و بڵێین ئەمە پەرەسەندنێکی تەواو نوێیە، چونکە تەنانەت ئەمە هاوشێوەی سەردانە کتوپڕەکەی سەرۆکی ئەو کاتەی میسر ئەنوەر سادات نییە بۆ قودس، ئەگەرچی ئەو سەردانەش هەندێ زەمینەسازی بۆ کرابوو.

*** بەڵام ئەمە تا چ رادەیەك دەستکەوت و سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ ئیدارەی سەرۆك ترەمپ لە پەیوەندی بە مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەم ناوچەیەدا و تا چ رادەیەك دەتوانین بڵێین جیاوازە لە سیاسەتی ئیدارەکانی پێش خۆی؟**

- من پێم وانییە ئیدارەی سەرۆك ترەمپ شایستەی ستایشێکی گەورە بێت لەم رووەوە، ئەگەرچی ئەم ڕێککەوتنەش بە سەرپەرشتیی ئیدارەکەی رووی دا و مەراسیمەکەشی لە نێو کۆشکی سپیدا بەڕێوەچوو، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ترەمپ هەوڵبدات بە

**ئیدارەی ترەمپ هیچ کارێکی نەکردووە کە ببێتە هۆی ئەوەی دۆخەکە بەرەو سەقامگیرییەکی راستەقینە بڕوات**

**هەردوو حاڵەتی ئێران و فەلەستین ئەوەیان پیشان داین کە بەکارهێنانی ئامرازی ئابووری بۆ هێنانەدی ئامانجی سیاسی کاریگەرییەکی سنوورداری دەبێت**

**راستە سزا ئابوورییەکان ئازاریان بە ئێران گەیاندووە، بەڵام نەبوونەتە هۆی ئەوەی گۆڕانکاریی گەورە لە نێو حکومەت، یان ئاراستەی کارکردنی حکومەتی ئێراندا دروست بکەن**

**ئیدارەی ترەمپ لەبەردەم بەڵێنەکانی هەڵبژاردنەکانیدایە کە پەیوەست بوون بە کۆتاییهێنان بەو شەڕانەی دواییان نایەت**

خۆهەڵکێشانەوە باسی بکات. بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەم پەرەسەندنە دیپلۆماسییانە دەڕژێنە خزمەتی سەرۆك دۆناڵد ترەمپەوە.

*** بەڵام ئەم ڕێککەوتن و پەرەسەندنە بە وەرچەرخانێکی مێژوویی لێکدرایەوە و بە هەنگاوێك لە قەڵەم درا بەرەو بەرفراوانکردنی مەودای ئاشتی و سەقامگیری و کۆتاییهێنان بەوەی ئیدارەی ترەمپ پێی دەڵێت شەڕە بێ کۆتاییەکان لەم ناوچەیە پڕ لە تەنگژەیەدا، ئایا ئێوە لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا هاوڕان؟**

- من پێم وایە ئەمە زیادەڕەویکردنە لە گرنگیی ئەم ڕێککەوتنەدا، هەرچەندە لە هەمان کاتدا ناکرێت، نکۆڵی لەوە بکرێت کە ئەمە سەرکەوتنێکی گرنگی دیپلۆماسی بووە و ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپیش هەندێ رۆڵی تێیدا هەبووە.

*** بەڵام پێت وانییە ئەمە گۆڕانکارییەکە لە شێوازی مامەڵەکردنی ئیدارەی ئەمریکا لەگەڵ کێشەکانی ئەم ناوچەیەدا، واتە ئەمریکا بە شێوازێکی بنیاتنەرتر و بەرهەمدارتر هەڵسوکەوت لەگەڵ کێشەکانی ئەم ناوچەیەدا دەکات؟**

- من لەمە دڵنیا نیم، چونکە ئەوەی بەدی دەکرێت هەڵوێستی یەکلایەنەی ئیدارەی ئەمریکایە لە بەرژەوەندیی حکومەتی ئیسرائیل، بەتایبەتی ئەگەر بەراوردی هەڵوێستی ئەم ئیدارەیە بکەین لە ئاست فەلەستیندا. هەروەها باوەڕم بەوە نییە کە ئەمە بناغەیەکی دوورمەودا و درێژخایەن بێت بۆ هێنانەئارای ئاشتی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەرچۆنێك بێت، پرسی سەرەکی لێرەدا سیاسەتی ناوخۆی ئیسرائیلە، چونکە ئەگەرچی ئیسرائیل لەگەڵ چەند دەوڵەتێکی کەنداودا ڕێککەوتنی ئاشتی هەیە، بەڵام ئەگەر بەشێکی زۆری ئەو خاکانە کۆنترۆڵ بکات کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی عەرەبن، ئەوا بە خێرایی دەبێتە حکومەتێکی کەمینە کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی نائاسوودە دەبن لە ئاست هەلومەرجە باوەکەی ئەو وڵاتەدا. کە ئەمەش دۆخێك نییە قابیلی بەردەوامبوون بێت. کەواتە ئیدارەی ترەمپ هیچ کارێکی نەکردووە کە ببێتە هۆی ئەوەی دۆخەکە بەرەو سەقامگیرییەکی راستەقینە بڕوات، واتە پێم وایە ئەم سەقامگیرییە تەنیا بەو چارەسەرە دەستەبەر دەبێت کە بوونی دەوڵەت لەخۆ دەگرێت. لەلایەکی دیکەوە روون نییە ئایا چۆن بەرەنگاربوونەوە و رووبەڕووبوونەوەی ئێران لە مەودای دووردا دەبێتەهۆی سەقامگیرکردنی ناوچەکە. چونکە هێشتا ئێران چالاکە لە وڵاتی سووریادا، چالاکە لە یەمەن، هەروەها هێزێکی باڵادەستە لە عێراقدا، ئەمەش گۆڕانکاری بەسەردا نایەت بەهۆی گرتنەبەری ڕێچکەی رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ تاراندا.

*** هەروەك ئاشکرایە ئەم ڕێککەوتنە ئێرانی خستە بارێکی نیگەرانی و ناڕەحەتییەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێشبینییەکانت چین بۆ کاردانەوە و پەرچەکرداری ئێران لەم رووەوە؟ ئایا ئێران تا چ رادەیەك دەتوانێت کێشەی جددی بۆ ئەم ڕێککەوتنە دروست بکات؟**

- روونە کە ئێران دژ بەم ڕێککەوتنەیە و هەرچییەکی لەدەست بێت، بۆ لاوازکردن و بنکۆڵکردنی ئەنجامی دەدات، بەڵام ئەمەش پرسێکی نوێ نییە، چونکە ئێران هۆشیار بوو بە یەکگرتنی بەرژەوەندییەکانی ئیمارات و سعودیە و وڵاتانی کەنداو لەگەڵ ئیسرائیلدا، بەتایبەتی لە ئاست چالاکییەکانی ئێران لە کەنداو و لە وڵاتی سووریادا. کەواتە ئەمە بە پەرەسەندنێکی دراماتیکی نوێ لێك نەدرایەوە لەلایەن تارانەوە، بەڵکو وەك حاڵەتێکی سرووشتی و هەلومەرجە باوەکە شرۆڤەی بۆ کرا.

*** هەر لە پەیوەندی بە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست ئەم ناوچەیەدا، ئەوەی بەدی دەکەین بەکارهێنانی فشار و پاداشتی ئابوورییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە و تەنگژەکانی ئەم ناوچەیەدا، بۆ نموونە ئیدارەی ترەمپ فشارێکی ئابووری و دارایی دژواری بەسەر ئێراندا سەپاندووە و لەلایەکی دیکەوە پرۆژەی ئابووری و وەبەرهێنان دەخاتەڕوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین، تێڕوانینی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- لە راستیدا هەردوو حاڵەتی ئێران و فەلەستین ئەوەیان پیشان داین کە بەکارهێنانی ئامرازی ئابووری بۆ هێنانەدی ئامانجی سیاسی کاریگەرییەکی سنوورداری دەبێت. بۆ نموونە لەو باوەڕەدا نیم کە فەلەستینییەکان بە پەرۆشەوە بەرەوپیری سەفقەی سەدە بچن بۆ ئەوەی سازش بۆ ئیسرائیل بکەن، من هیچ بەڵگەیەك نابینم فەلەستینییەکان بەم ئاراستەیەدا

هەنگاو هەڵبگرن. بە هەمان شێوە لە پەیوەندی بە ئێرانەوە، راستە سزا ئابوورییەکان ئازاریان بە ئێران گەیاندووە، بەڵام نەبوونەتە هۆی ئەوەی گۆڕانگاریی گەورە لە نێو حکومەت، یان ئاراستەی کارکردنی حکومەتی ئێراندا دروست بکەن. کەواتە بەکارهێنانی ئامرازی ئابووری بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکان دەرمانی هەموو دەردەکان نییە.

*** ئایا پێت وایە ئەم شێواز و ڕێچکەی کارکردنە ناکارایە، یان دەرئەنجامی پێچەوانەی لێ دەکەوێتەوە؟**

- من پێم وانییە دەرئەنجامی پێچەوانەی لێ بکەوێتەوە، بەڵام باوەڕم وایە ناکارایە.

*** پەرەسەندنێکی دیکەی بەرچاو لەم ناوچەیەدا بریتییە لە هەڕەشەی ئیدارەی سەرۆك ترەمپ بە کشاندنەوەی باڵیۆزخانەکەی لە بەغدا، ئەگەر بێت و حکومەتی عێراق نەتوانێت سەلامەتی و ئاسایشی ئەو باڵیۆزخانەیە دابین بکات، خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەم پەرەسەندنە چییە؟**

- لە راستیدا ئەمریکا لە نێوان دوو ئاراستەی جیاوازدایە، لەلایەك نایەوێت بە بێ هێنانەئارای دۆخێکی ئەمنیی ئارام و سەقامگیر- بە تایبەتی لە بەغدا- هەوڵی کشانەوە و جێهێشتنی ئەم وڵاتە بدات، لەلایەکی دیکەوە ئیدارەی ترەمپ لەبەردەم بەڵێنەکانی هەڵبژاردنەکانیدایە کە پەیوەست بوون بە کۆتاییهێنان بەو شەڕانەی دواییان نایەت، راستە لەم رووەوە پتر جەخت لەسەر ئەفغانستان دەکرێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا پێم وانییە ئامادەییەك هەبێت بۆ ئەوەی ئەمریکا پابەندبوونەکانی خۆی لە عێراقدا زیاد بکات. لە هەمان کاتدا ئێرانیش هێزێکە لە عێراقدا کە دەبێت لەبەرچاو بگیرێت، ئەمەش پەیوەندی بە دەستەبەرکردنی سەقامگیرییەوە هەیە لە عێراقدا. هەرچۆنێك بێت ئەمریکا ناگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی ساڵی ٢٠٠٨، واتە دووبارە ژمارەی هێزەکانی زیاد ناکات لە عێراقدا لە پێناوی جڵەوکردن و ئیحتیواکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران لەم ناوچەیەدا. کەواتە ئێران وەك هێزێکی دەستڕۆیشتوو دەمێنێتەوە، بەلای کەمەوە لە نێو هەندێ لە لایەنە شیعەکانی نێو عێراقدا.

*** کەواتە تا چەند ئەمە هەڕەشەیەکی جددییە؟ بە واتایەکی دیکە ئایاپێت وایە ئیدارەی ئەمریکا ئەم بڕیارە بدات و جێبەجێشی بکات؟**

- نەخێر لەو باوەڕەدا نیم ئەم کارە بکات.

*** کەوابێت ئامانجەکە تەنیا دروستکردنی فشارە لەسەر حکومەتی عێراق؟**

- بەڵێ ئەمە راستە.

*** ئەگەر پرسیارەکان بگوازینەوە بۆ سەر ئاستی نێودەوڵەتی، ئایا چ هەڵسەنگاندنێکت بۆ سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست کێشە و کاروبارە نێودەوڵەتییەکاندا هەیە؟**

- ئەگەر لە ئەدای ئەم ئیدارەیە لەم رووەوە ورد ببینەوە، ئەوا پێم وایە لە رووی مێژووییەوە هێزە مەزنەکان بەم شێوەیە مامەڵەیان کردووە لە ئاست پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. واتە رەنگە ئەم هێزانە ئەم جۆرە مامەڵەیان بە پاساوی دیکە پەردەپۆش کردبێت، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە بەرژەوەندییەکان پاڵنەری رەفتاری هێزە گەورەکانن و لە بنەڕەتیشدا جیهان بەم شێوەیە هەڵدەسووڕێت. بەڵام ئەوەی جێی داخە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە گرنگیی پەردەپۆشکردنی سیاسەتەکانی بە پاساوی دیپلۆماسی تێ ناگات، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی دژایەتیی وڵاتانی دیکە بورووژێنێت بە شێوەیەك کە پێویست نییە. بەهەرحاڵ جەوهەری سیاسەتەکەی لەگەڵ هەڵسوکەوتی هەر هێزێکی مەزندا یەك دەگرێتەوە.

*** بەڵام هەندێ لە شرۆڤەکاران پێیان وایە لە دەرئەنجامی ئەم چەشنە سیاسەتەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ، ئەوا پێگەی ئەمریکا، یان سەرکردایەتیی ئەمریکا لە ئاست جیهاندا زیانی پێ گەیشتووە، هەروەها دامەزراوە نێودەوڵەتییە فرەلایەنەکانیش لاواز بوون، ئەمە تا چ رادەیەك وەسفکردنێکی وردە بۆ ئەوەی روودەدات؟**

- لە راستیدا زۆر جار زیادەڕەوی کراوە لە باسکردنی گرنگیی پێگە و رێکخراوە و دامەزراوە فرەلایەنەکان، چونکە پێش ئیدارەی سەرۆك ترەمپیش ئەمریکا ئەو دامەزراوانەی بەکارهێناوە، کاتێك بوونەتە هۆی هێنانەدیی بەرژەوەندییەکانی، فەرامۆشی کردوون و پشتگوێشی خستوون، کاتێك نەیانتوانیوە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بکەن. بەڵام جیاوازیی ئیدارەی ترەمپ لەگەڵ ئیدارەکانی پێش خۆی ئەوەیە سەرۆك ترەمپ بێ پێچ و پەنا باسی ئەو هەنگاوانە دەکات کە هەڵیان دەگرێت. واتە لە رووی کردارییەوە جیاوازییەکی زۆری نییە لەگەڵ سەرۆکەکانی دیکەی ئەمریکادا.

**ئەمریکا ناگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی ساڵی ٢٠٠٨، واتە دووبارە ژمارەی هێزەکانی زیاد ناکات لە عێراقدا لە پێناوی جڵەوکردن و ئیحتیواکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران لەم ناوچەیەدا**

**بەرژەوەندییەکان پاڵنەری رەفتاری هێزە گەورەکانن و لە بنەڕەتیشدا جیهان بەم شێوەیە هەڵدەسووڕێت**

**سەرۆک دۆناڵد ترەمپ لە گرنگیی پەردەپۆشکردنی سیاسەتەکانی بە پاساوی دیپلۆماسی تێ ناگات، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی دژایەتی وڵاتانی دیکە بورووژێنێت بە شێوەیەک کە پێویست نییە**

**پێش ئیدارەی سەرۆک ترەمپیش ئەمریکا ئەو دامەزراوانەی بەکارهێناوە، کاتێک بوونەتە هۆی هێنانەدیی بەرژەوەندییەکانی، فەرامۆشی کردوون و پشتگوێشی خستوون، کاتێک نەیانتوانیوە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بکەن**

دیمانەی تایبەت

## ئیتان گیلبوا

بەڕێوەبەری سەنتەری پەیوەندی نێودەوڵەتی لە زانکۆی بار–ئیلان بۆ گوڵان:

# ڕێککەوتنی ئیسڕائیل و ئیمارات ئاشتییەکی گەرمە و هاوکاریی هەمەلایەنە لە خۆدەگرێت

ئیتان گیلبوا پڕۆفیسۆر و بەڕێوەبەری سەنتەری پەیوەندی نێودەوڵەتییە لە زانکۆی بار-ئیلان. هەروەها توێژەری باڵایە لە سەنتەری بێگن-سادات بۆ دیراساتی ستراتیژی. خاوەنی چەندین کتێب و وتارە لەبارەی دیپلۆماسیەتی گشتی، پەیوەندیی نێودەوڵەتی و سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەروەها پڕۆفیسۆر بووە لە چەندین زانکۆ و سەنتەری توێژینەوەی سەرەکی لە ئەمریکا و ئەوروپا. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر بە ڕێککەوتنی ئاشتیی نێوان هەردوو وڵاتی ئیسڕائیل و ئیماراتەوە پەیوەست بوون.



*** هەروەك ئاشكرایە یەكێك لە گرنگترین پەرەسەندنەكانی ئەم دواییە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بریتی بوو لە ئەنجامدان و واژووكردنی ڕێككەوتنی نێوان هەردوو وڵاتی ئیسرائیل و ئیمارات، دید و تێڕوانینی ئێوە لەبارەی ئەم ڕێككەوتنەوە چییە؟**

- سەرەتا نابێت ئەوە لە یادكەین كە ڕێككەوتنی ئاشتی، تەنیا لە نێوان ئیسرائیل و ئیماراتدا نەكراوە، بەڵكو وڵاتی بەحرەینیش ڕێككەوتنی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا ئەنجام داوە، دواتر ئەگەر ئێمە باس لە ناوەرۆكی ڕێككەوتننامەكە بكەین، ئەوا پەیوەستە بە ئاساییكردنەوەی پەیوەندییەكانەوە. هەروەها دەكرێت بڵێین ئەمە ڕێككەوتنێكی گرنگە لەبەر ئەوەی چەند پەیامێك لەخۆ دەگرێت بۆ لایەنە جیاوازەكان، پەیامی یەكەم بۆ فەلەستینییەكانە، كە ئێمە دەزانین پێشتر فەلەستینییەكان وا بیریان دەكردەوە كە ڕێككەوتنی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و عەرەبدا ئەنجام نادرێت، تاوەكو ڕێككەوتنی ئاشتی لە نێوان فەلەستین و ئیسرائیلدا نەیەتە ئاراوە، بەڵام ئێستا هەردوو وڵاتی ئیمارات و بەحرەین بە فەلەستینییەكان ڕادەگەیەنن كە ئێوە هەڵەن و ناكرێت ئێمە بۆ هەتایە چاوەڕوانی ئێوە بكەین، لە كاتێكدا ئێوە دەرفەتەكانی گەیشتن بە ڕێككەوتن و ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا لە دەست دەدەن. ئەوە بوو بەم دواییە ڕەخنەیان لە فەلەستینییەكان گرت، بەهۆی ڕەتكردنەوەی ئەوەی پێی دەوترێت سەفقەی سەدە— كە لەلایەن ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپەوە خرایەڕوو-، كە ئەمە خۆی لە خۆیدا پێشنیاری هێنانەئارای ئاشتی بوو. لە هەمان كاتدا ئەمە پەیام بوو بۆ فەلەستینییەكان بەوەی كە كات لە بەرژەوەندیی ئەواندا نییە و ئەگەر بێت و چاوەڕوان بن، ئەوا دەدۆڕێن. پەیامی دووەم بۆ ئەوروپا و ڕەنگە بۆ وڵاتانی دیكەش بێت، كە پێیان وابوو ناكۆكیی ئیسرائیل و فەلەستین سەرچاوەی هەموو كێشە و توندوتیژی و تیرۆرەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، لەبەر ئەوە بە ناكۆكیی ئیسرائیل و فەلەستینیان

**پێشتر فەلەستینییەكان وا بیریان دەكردەوە كە ڕێككەوتنی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و عەرەبدا ئەنجام نادرێت، تاوەكو ڕێككەوتنی ئاشتی لە نێوان فەلەستین و ئیسرائیلدا نەیەتە ئاراوە**

دەوت ناکۆکیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یان بە پرۆسەی ئاشتییەکەیان دەوت پرۆسەی ئاشتیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەڵام رێککەوتنی ئاشتیی نێوان ئیسرائیل و ئیمارات ئەوەی سەلماند کە ئەم تێڕوانینە هەڵەیە و لە جێی خۆیدا نییە. کەواتە ئەم رێککەوتنە پەیامێك بوو بۆ ئەورووپییەکان، هەروەها بۆ ئەوەی پێی دەوترێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە بەرژەوەندیی وڵاتە عەرەبییەکان گرنگترە لە بەرژەوەندیی فەلەستینییەکان و ئێستاش ئەوەتا وڵاتە عەرەبییەکان لە خەمی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندان.

*** لە نێو ئەو شرۆڤانەی لە بارەی ئەم رێککەوتنەوە کراوە، ئەوەیە کە ئەمە پەرەسەندنێکی چاوەڕواننەکراو بووە، چونکە هەروەك ئێوەش ئاماژەتان پێ کرد، پێشبینیی ئەوە دەکرا دوای رێککەوتنی ئیسرائیل لەگەڵ فەلەستینییەکاندا وڵاتانی عەرەبی ئەم هەنگاوە هەڵبگرن، ئێوە لەم بارەوە چی دەڵێن؟**

- لە راستیدا ئەمە پەرەسەندنێکی نوێ نییە، لەبەر ئەوەی لە ساڵانی ١٩٧٨-١٩٧٩دا میسر یەکەم وڵات بوو کە رێککەوتنی ئاشتی لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا واژوو کرد و بە فەلەستینییەکانیان راگەیاند کە ئێمە چیتر چاوەڕوانی ئێوە ناکەین و، پێیان وتن ئێمە پێمان وایە بەرژەوەندیمان لەوەدایە رێککەوتن لەگەڵ ئیسرائیلدا بکەین و، ئەوەتا ئەمەش ئەنجام دەدەین. خاڵێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە پاڵنەرێکی سەرەکیی گەیشتن بەم رێککەوتنە ئێران بوو، چونکە وڵاتانی کەنداو بەتایبەتی وڵاتە عەرەبییە سوننەکان، ئێران بە هەڕەشەی سەرەکی لەسەر بوون و پێشکەوتنی خۆیان دەزانن و هەر لەو کاتەوە کە ئیدارەی سەرۆك باراك ئۆباما رێککەوتنی ناوکی لەگەڵ ئێراندا واژوو کرد، وڵاتە عەرەبییە سوننەکان و ئیسرائیل هەستیان بە زەرووڕەتی هێنانەئارای جۆرێك لە هاوکاریی سەربازی و هەواڵگری کرد، هەروەها ئەمەش پەرەسەندنێکی نوێ نییە، چونکە هاوکاریی ئەمنی و هەواڵگری لە نێوان ئیسرائیل و ئیمارات و بەحرەین، هەروەها عومان و کوەیتدا بۆ ٢٠ ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەمە بۆ یەکەمجارە کە ئاشکرا بکرێت.

*** بە بۆچوونی ئێوە هۆکار و پاڵنەرە سەرەکییەکانی گەیشتن بەم رێککەوتنە چین؟**

- لەگەڵ ئەوەدا کە هەڕەشەی ئێران هۆکار و پاڵنەرێکە لەم رووەوە، ئەوا لایەنێکی دیکەی ئەم رێککەوتنە ئەو کاریگەری و دەرهاویشتە ئەرێنییە ئابوورییانەیە کە لێی دەکەوێتەوە، چونکە ئێمە دەزانین کە ئیسرائیل وڵاتێکی زۆر پێشکەوتووە لە رووی تەکنەلۆژییەوە، وڵاتی ئیماراتیش خوازیارە سوود لەم پێشکەوتنە وەربگرێت لە بواری ئەلیکترۆنی و پزیشکی و کەرتی کشتوکاڵ و بوارەکانی دیکەدا، ئەویش بۆ ئەوەی بتوانێت پێی بە پێی رۆژگاری هاوچەرخ هەنگاو هەڵبگرێت و کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی زیاتری هەبێت لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لێرەدا دەبێت ئێمە جیاوازی بکەین لە نێوان دوو جۆر لە ئاشتیدا، یەکێکیان ئاشتییەکی ساردە کە بە مانای نەبوونی شەڕ دێت، بەڵام ئاشتیی گەرم بە مانای بوونی هاوکارییەکی چڕ دێت لە نێوان گەلاندا، لە بواری بزنێسدا، لە پەیوەندی بە گەشتوگوزار و کەلتوورەوە، من مامۆستام لە زانکۆی بار ئیلان، چەند رۆژێك پێش ئێستا ئێمە بانگهێشتنامەیەکمان لەلایەن زانکۆی ئەمریکی لە ئیمارات پێ گەیشت، بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوانمان و ئێمەش ئەم کارە دەکەین، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە ئەگەر لە داهاتووشدا ئێران ببێتە وڵاتێکی دۆست و گفتوگۆ لەگەڵ ئیسرائیلدا بکات، ئەوا ئەم هاوکارییانە هەر بەردەوام دەبن، چونکە ئێمە پەیوەندی و هاوپەیمانێتییەکەمان تەنیا لەسەر بەرگریکردن لە دژی ئێران دروست نەکردووە، بەڵکو هەوڵی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانمان لە بوارە جیاوازەکاندا دەدەین. کەواتە ئەم رێککەوتنە گرنگە لە رووی ستراتیژی و ئابووری و دارایی و تەکنەلۆژییەوە. کەواتە دوای رێککەوتنی ئاشتی لە نێوان ئیمارات و ئیسرائیل و دواتر بەحرەین و ئیسرائیلدا، ئەوا هەموو ئاماژەکان ئەوەمان پێ دەڵێن کە وڵاتانی دیکەش دێنە نێو ئەم کاروانەوە، دەکرێت وڵاتانی وەك عومان، کوەیت، سودان و مەغریب رێککەوتنی هاوشێوە لەگەڵ ئیسرائیلدا بکەن.

*** وەك ئاشکرایە وڵاتی عەرەبستانی سعودیە وڵاتێکی کاریگەر و خاوەن قورساییە و دەستڕۆیشتووە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

**لە ساڵانی ١٩٧٨-١٩٧٩دا میسر یەکەم وڵات بوو کە رێککەوتنی ئاشتی لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا واژوو کرد و بە فەلەستینییەکانیان راگەیاند کە ئێمە چیتر چاوەڕوانی ئێوە ناکەین**

**وڵاتانی کەنداو بەتایبەتی وڵاتە عەرەبییە سوننەکان، ئێران بە هەڕەشەی سەرەکی لەسەر بوون و پێشکەوتنی خۆیان دەزانن**

**ئیسرائیل وڵاتێکی زۆر پێشکەوتووە لە رووی تەکنەلۆژییەوە، وڵاتی ئیماراتیش خوازیارە سوود لەم پێشکەوتنە وەربگرێت لە بواری ئەلیکترۆنی و پزیشکی و کەرتی کشتوکاڵ و بوارەکانی دیکەدا**

**بەگشتی و ناوچەی کەنداو بەتایبەتی، ئایا پێت وایە لە کۆتاییدا ئەم وڵاتەش ڕێککەوتنی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا واژوو بکات؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە وڵاتی عەرەبستانی سعودیەوە هەبێت، ئەوا ئێمە دەزانین کە ئامادەیی لە نێو ئەم وڵاتەدا هەیە، یان ئاماژە هەیە، ئەوە بوو بۆ یەکەمجار سعودیە ڕێگەی دا ئیسرائیل ئاسمانیی ئەو وڵاتە بۆ گەشتی فڕۆکە بەکار بهێنێت بەرەو ئیمارات و چەند هەفتەیەك پێش ئێستا ڕێگەی دا فڕۆکەکانی ئیسرائیل ڕێگای ئاسمانی تێپەڕبوو بە سعودیەدا بەکار بهێنن بۆ گەشتکردن بۆ هەر شوێنێکی جیهان، ئەمەش دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی کاتژمێرەکانی فڕینی فڕۆکەکانی ئیسرائیل بۆ گەیشتن بە شوێنی مەبەست. هەرچۆنێك بێت عەرەبستانی سعودیە لە پێگەیەکی هەستیاردایە، بەڵام پێم وا نییە بێتە نێو ئەم هاوپەیمانێتییەوە، ڕەنگە پەسەندی دەکات و پشتیوانی لێ دەکات، واتە سعودیە دوایین وڵات دەبێت کە بێتە نێو هاوپەیمانێتییەکەوە.

*** کەواتە ئەگەر وەسفێکی وردی ئەم پەرەسەندنانە بکەن، ئێوە چۆن وەسفی دەکەن؟**

- بە تێڕوانینی من ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە پێی دەوترێت دیپلۆماسیەتی ئاڵوگۆڕ، بە واتای ئەوەی لە ئێستادا ئاڵوگۆڕ لە پەیوەندییەکانی ناوچەکەدا بەدی دەکرێت، کە ئەم پەرەسەندنەش بۆی هەیە لە کۆتاییدا سەربکێشێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین، چونکە فەلەستینییەکانیش ناچار دەبن بڕیار بدەن، ئەوا بەردەوام دەبن لە بەرەنگاربوونەوەی تەوژمەکە، یان دەچنە پاڵ ئەم تەوژمە. ئەوە بوو فەلەستینیەکان هەوڵیان دا کە کۆمکاری عەرەبی ئیدانەی ئەم ڕێککەوتنە (ڕێککەوتنی ئاشتیی نێوان ئیمارات و ئیسرائیل) بکات، بەڵام کۆمکاری عەرەبی ئەم داواکارییەی ڕەت کردەوە.

*** نکۆڵی لەوە ناکرێت کە ئەمریکا بە ڕێبەری ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ ڕۆڵێکی گرنگی لە هێنانەدی ئەم ڕێککەوتنەدا هەبووە، پێت وانییە هەڵوێستی ئەمریکا گۆڕانکاری بەسەردا بێت، ئەگەر بێت و ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە بەرژەوەندیی دیموکراتەکان یەکلا ببێتەوە؟**

- ڕاستە هەڵوێستی ئەمریکا بەندە بە دەرئەنجامی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەو وڵاتەوە، واتە پرسەکە جیاواز دەبێت ئەگەر سەرۆك دۆناڵد ترەمپ دووبارە دەسەڵات بگرێتەوە دەست، وەك لەوەی جۆ بایدن هەڵبژاردنەکان بباتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا پێم وایە هەر کەسێك ببێتە سەرۆکی ئەمریکا لەبارەی بوونی پەیوەندییەکی ستراتیژی و ئابووری لە نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداودا هەڵوێستێکی هێندە جیاوازی نابێت.

*** نکۆڵی لەوە ناکرێت کە ئەم ڕێککەوتنە مایەی ناڕەحەتی بوو بۆ ئێران و ئەوە بوو حکومەتی ئێرانیش گوزارشتی لە ڕەتکردنەوەی ئەم ڕێککەوتنە کرد، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕادەیەك ئێران دەتوانێت ئەم ڕێککەوتنە لەبار بەرێت، یان کێشە و ئاستەنگی جددی بۆ جێبەجێکردنی دروست بکات؟**

- ئاشکرایە هەمیشە ئێران هەوڵی گۆڕینی ڕژێمە عەرەبییە سوننەکانی داوە، بەتایبەتی ئەوانەی نزیکن لە ئەمریکا و ڕۆژئاواوە، ئەویش بە کارکردن لەسەر پێکهاتەی شیعەی ئەو وڵاتانە وەك ئەوەی لە بەحرەیندا بەدی دەکرێت، هەروەها لە ڕێی گرتنەبەری شێواز و ڕێگای دیکەوە، وەك مەشقپێکردن و چەکدارکردنی گرووپە جیاوازەکان لەم وڵاتانەدا، ئەمەش پەرەسەندنێکی نوێ نییە و بۆ ڕۆژگارێکی دوورو درێژە ئێران ئەم کارە دەکات، هەر ئەمەش هۆکاری سەرەکیی هاوکاریی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداو بووە، تەنانەت پێش ئەوەش بە شێوەیەکی ئاشکرا ڕابگەیەندرێت. کەواتە ئەگەر وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە، ئەوا بەڵێ، ئێران هەوڵی لەباربردن و دروستکردنی ئاستەنگ بۆ ئەم ڕێککەوتنە دەدات، بەڵام من پێم وایە ئەمە هاوپەیمانێتییەکی بەهێزە. هەرچۆنێك بێت، ئەگەر بێت و ئێران ئەم کارە بکات، ئەوا دوچاری دەرئەنجامەکانی دەبێتەوە، واتە دوچاری تۆڵەکردنەوە دەبێتەوە، بۆ نموونە، ئیسرائیل سەرکەوتوو بووە لەوەی ڕێگە نەدات ئێران بنکەی سەربازی لە سووریا دروست بکات، هەروەها ڕێگری بکات لەوەی ئێران هاوکاریی حزبوڵا بکات بۆ بەرەوپێشبردنی مووشەکەکانی، کەواتە پێم وایە ئەم هاوپەیمانێتییە دەتوانێت بەرەنگاریی هەڕەشەکانی ئێران ببێتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

**ئێمە پەیوەندی و هاوپەیمانێتییەکەمان تەنیا لەسەر بەرگریکردن لە دژی ئێران دروست نەکردووە، بەڵکو هەوڵی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانمان لە بوارە جیاوازەکاندا دەدەین**

**هەر کەسێک ببێتە سەرۆکی ئەمریکا لەبارەی بوونی پەیوەندییەکی ستراتیژی و ئابووری لە نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداودا هەڵوێستێکی هێندە جیاوازی نابێت**

**هەمیشە ئێران هەوڵی گۆڕینی ڕژێمە عەرەبییە سوننەکانی داوە، بەتایبەتی ئەوانەی نزیکن لە ئەمریکا و ڕۆژئاواوە، ئەوەیش بە کارکردن لەسەر پێکهاتەی شیعەی ئەو وڵاتانە وەک ئەوەی لە بەحرەیندا بەدی دەکرێت**



# دیبەیتی کاندیدانی سەرۆکایەتیی ئەمریکا

## گێڕانەوەی شکۆ، یان پارێزگاریکردن لە رۆحی ئەمریکا



دیبەیتەکەی ئەمجارەی نێوان ترەمپ و بایدن، قسە و مشتومڕی زیاتر هەڵدەگرێت، یان دەکرێت رەخنەی زیاتری لێ بگیرێت، لەبەر ئەوەی پانتاییەکی زۆر بۆ روونکردنەوەی سیاسەت و هەڵوێستی کاندیدەکان تەرخان نەکرا، بەڵام ئەمە دوا دیبەیتی نێوان هەردوو رکابەری سەرۆکایەتیی ئەمریکا نییە و، هێشتا دوو دیبەیتی دیکە ماوە کە ئەنجامی بدەن، خۆ ئەگەر نەکرێت، لەم دیبەیتەوە و دیدگایەکی روون و تێگەیشتنێکی باشترمان بۆ دەستەبەر بوویێت، لەبارەی تێڕوانین و سیاسەتی هەردوو کاندیدەکەوە، ئەوا چاوەڕوانییەکە ئەوەیە دیبەیتەکانی دیکە باشتر رێك بخرێن، بۆ ئەوەی هەڵوێست و سیاسەتەکانی روونتر بن، هەروەها ئەگەر نەتوانرێت بە ئاسانی براوەی دیبەیتەکەی ئەمجارە دەستنیشان بکرێت، ئەوا بە ئاسانی دەتوانرێت بوترێت کە دۆڕاوی دیبەیتەکە خەڵکی ئەمریکا بووە، لەو رووەوە کە نەیانتوانی دید و تێڕوانینێکی روونتریان لا گەڵاڵە بێت.

**● ترەمپ و بایدن لەسەر چی ململانێ دەکەن؟**

ئەگەر دروشمی سەرەکیی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە ئێستادا و پێشتریش لە سەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٦دا ئەوە بێت کە پێویستە جارێکی دیکە هێز و شکۆ بۆ ئەمریکا بگەڕێندرێتەوە، ئەوا لە ئێستادا دروشمی هەرە بەرچاوی رکابەرەکەی (جۆ بایدن) بۆ هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمساڵ ئەوەیە کە پێویستە رۆحی ئەمریکا

**ئومێدەکە ئەوە بوو هەردوو رکابەر مشتومڕی جددی بکەن لەسەر تەوەرە سەرەکییەکانی دیبەیتەکە بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا هاووڵاتیی ئەمریکی وێنەیەکی روونتری لا گەڵاڵە بێت، لەسەر ئەوەی کام لە کاندیدەکانی سەرۆکایەتی دەتوانێت ئیدارەیەکی باشتری کاروبارەکانی وڵاتەکە بکات**

**ترەمپ ئێستا وەک «پیاوە خەواڵووەکە» ناوی بایدن دەهێنێت، و بایدنیش بە «پیاوە گاڵتەجارەکە» وەسفی ترەمپ دەکات**

بگەڕێندرێتەوە و پارێزگاری لێ بکرێت.

لەم روانگەیەوە چاوەڕوان دەکرا، هەردوو رکابەر لە دیبەیتەکەیاندا سیاسەتی روون و پلانی وردی خۆیان بخەنەڕوو، بۆ چۆنیەتی بەرجەستەکردنی ئەم دروشمە بەرزەفڕانە، و لە هەمان کاتدا تیری رەخنەی خۆیان ئاراستەی کەموکوڕی و شکستی ئەدای یەکدی بکەن. ئەوە بوو کە دیبەیتەکە دابەش کرابوو بۆ سەر شەش تەوەری سەرەکی کە تێکڕایان پتر پەیوەست بوون بە دۆخی ناوخۆی وڵاتەکەوە و، ئومێد و چاوەڕوانییەکە ئەوە بوو کە بە هەڵسەنگاندن و هەڵوێستەی جدییەوە تاوتوێی ئەو تەوەرە گرنگانە بکرێن، بۆ ئەوەی گەلی ئەمریکا بەرچاوڕوونییەکی زیاتری هەبێت و، بتوانێت لە سەروەختی هەڵبژاردنەکاندا بڕیارێکی هۆشیارانە بدات، تەوەرەکانیش بریتی بوون لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا، ئەدای ئابووریی وڵاتەکە کە کەوتۆتە ژێر باری سەختی دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە، دادگای باڵا، توندوتیژیی نێو شارەکانی ئەمریکا، تۆمار، یان ئەدای هەر یەکە لە جۆ بایدن و دۆناڵد ترەمپ و لە کۆتاییشدا پاکی و بێگەردیی هەڵبژاردنەکان.

## ● تا چەند دیبەیتەکە لە ئاست ئومێد و چاوەڕوانییەکاندا بوو؟

هەروەك ئاماژەمان پێ کرد، ئومێدەکە ئەوە بوو هەردوو رکابەر مشتومڕی جددی بکەن لەسەر تەوەرە سەرەکییەکانی دیبەیتەکە بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا هاووڵاتیی ئەمریکی وێنەیەکی روونتری لا گەڵاڵە بێت، لەسەر ئەوەی کام لە کاندیدەکانی سەرۆکایەتی دەتوانێت ئیدارەیەکی باشتری کاروبارەکانی وڵاتەکە بکات و کامیان شایستەی ئەوەن متمانەی سەرۆکایەتی بەدەست بهێنن. بەڵام ئەوەی بەدی کرا، ئاراستەی مشتومڕەکە بەرەو پەلاماردانی کەسایەتیی یەکتر و بگرە یەکترشکاندن چوو، لە بری ئەوەی رەخنەیەکی بابەتییانە و جددی لە یەکتر بگرن. تەنانەت سەرۆك دۆناڵد ترەمپ چەندین جار قسەکانی بە رکابەرەکەی بڕی و ئەمەش بۆ ئەوەی پشێوییەك باڵ بکێشێت بەسەر دیبەیتەکەدا و لە بەرامبەریشدا جۆ بایدن داوای لە سەرۆك ترەمپ بکات کە دەمی دابخات و وتی: «ئایا ئێوە دەزانن ئەم گاڵتەجارە-کە مەبەستی لە سەرۆك ترەمپ بوو - چی دەکات؟». هەروەها هەرچەند جۆ بایدن-یش قسەکانی بە سەرۆك ترەمپ دەبڕی، بەڵام هەروەك بەڕێوەبەری دیبەیتەکەی کریس واڵاس رووی کردە سەرۆك ترەمپ و پێی وت «تۆ زیاتر قسەکانی پێ دەبڕی». هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی ئەمە بە یەکێك لە خراپترین دیبەیتەکانی سەرۆکایەتی لە ئەمریکا هەژمار بکرێت و، بیر لەوە بکرێتەوە کە لە دیبەیتەکانی دیکەدا رێکار و میکانیزمی دیکە بگیرێتەبەر، بۆ ئەوەی پشێوی و پاشاگەردانییەکەی دیبەیتی یەکەم دووبارە نەبێتەوە. هەرچۆنێك بێت، ترەمپ ئێستا وەك «پیاوە خەواڵووەکە» ناوی بایدن دەهێنێت، و بایدنیش بە «پیاوە گاڵتەجارەکە» وەسفی ترەمپ دەکات. رەنگە هەوڵی سەرەکیی سەرۆك ترەمپ ئەوە بووبێت کە رێگە نەدات بایدن پەیامەکانی بگەیەنێت، ئەویش لە رێی پێبڕینی بەردەوام و رێگەنەدان بە تەواوکردنی پەیام و قسەکانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جۆ بایدن هەوڵیدا راستەوخۆ روو بکاتە گەلی ئەمریکا و پێیان بڵێت: خەمە راستەقینەکە ئێوەن و دەبێت گفتوگۆ و مشتومڕەکانمان پەیوەست بن بە ئێوەوە. ئەوە بوو ترەمپ کەمترین قسە و زۆرترین پێبڕینی کرد، کە لە تێکڕای دیبەیتەکەدا ترەمپ بۆ ٣٨ خولەك قسەی کرد لە کاتێکدا ٧٣ جار قسەکانی بە بایدن بڕی، بایدنیش پێکەوە و لە ماوەی دیبەیتەکەدا ٤٣ خولەك قسەی کرد.

**جۆ بایدن هەوڵیدا راستەوخۆ روو بکاتە گەلی ئەمریکا و پێیان بڵێت: خەمە راستەقینەکە ئێوەن و دەبێت گفتوگۆ و مشتومڕەکانمان پەیوەست بن بە ئێوەوە**

## ● زۆرترین قسە لەبارەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە

ڤایرۆسی کۆرۆنا کە یەکەم تەوەری سەرەکیی دیبەیتەکە بوو، زۆرترین ماوەی دیبەیتەکەشی بۆ تەرخان کرا کە بریتی بوو لە ٢٠ خولەك لە کۆی ٩٠ خولەك. ئاشکرایە پێشتر هەمیشە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بە خۆهەڵکێشانەوە باسی ئەوەی دەکرد، ئیدارەکەی بە باشترین شێوە بەرەنگاری پەتای کۆرۆنا بۆتەوە، بەڵام دواتر ئاشکرا بوو کە سەرۆك ترەمپ مەترسی و هەڕەشەی ئەم پەتایەی بە کەم گرتووە و، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی رووبەڕووی رەخنەی بایدن ببێتەوە، بەوەی کە هیچ پلانێکی نەبووە بۆ بەرگرتن و کەمکردنەوەی مەترسییەکانی ئەم ڤایرۆسە. لەم روانگەیەوە بایدن پتر ئەم پرسەی

زەق کردەوە و زیاتر بۆ بانگەشەکردن بەکاریهێنا و وەك بەڵگەیەك خستیەڕوو کە سەرۆك ترەمپ شایستەی ئەوە نییە دووبارە متمانەی پێ بدرێتەوە. ئاماژەی بەوەش کرد کە ئەو ڕێچکەیەکی تەواو جیاواز دەگرێتەبەر بۆ کۆنترۆڵکردن، یان سنووردارکردنی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە.

**● ئابووری، ئەو فاکتەرەی هاوکێشەی هەڵبژاردنەکان دەگۆڕێت**

ئاشکرایە کاریگەرییەکان، یان دەرهاویشتەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا تەنیا لە لایەنە تەندروستییەکەدا قەتیس نەبووە، بەڵکو دەرئەنجامی کوشندە و کەمەرشکێنی ئابووریشی هەبووە، لەبەر ئەوە تەوەری دووەمی دیبەیتەکە کە پرسی ئابووریی بوو، توند گرێ دراوەتەوە بە تەوەری یەکەم، چونکە پێشتر سەرۆك ترەمپ بە خۆهەڵکێشان و شانازییەوە ئاماژەی بەوە دەکرد کە ئیدارەکەی ئەدایەکی بەهێزی ئابووری هەیە و ڕێژەی بێکاری بۆ نزمترین ئاست دابەزاندووە، ئەمەشی دەکردە باشترین پاساو و پاکانە بۆ ئەوەی دووبارە جڵەوی سەرۆکایەتیی ئەمریکا بگرێتەوەدەست، بەڵام پێدەچێت ڤایرۆسی کۆرۆنا و ئەو ڕێکارانەی گیرانەبەر لەم ڕووەوە سیحری ئەم بانگەشەیەی ترەمپی بەتاڵ کردبێتەوە، یان لانیکەم کز و خامۆشی کردبێت، چونکە ئەم پەتایە بووە هۆی سستکردن و خاوکردنەوەی ڕەوتی گەشەی ئابووریی وڵاتەکە و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری. دەکرێت ئەمە وەك ڕەخنەیەك ئاراستەی ئەدای سەرۆك ترەمپ بکرێت، چونکە ئیدارەدانی خراپی پەتاکە دەرئەنجامی ئابووریی خراپیش بەدوای خۆیدا دەهێنێت. بەڵێنی ترەمپ ئەوەیە کە بە هەمان ئەو خێراییەی ئابووری بەرەو سستبوونی چوو، ئەوا دووبارە دەست بە بووژاندنەوە دەکات و، ڕەخنەی بایدنیش لەم ڕووەوە ئەوە بوو کە ئەمە تێکرای ئابووری لەخۆ ناگرێت و ڕەنگە بوارێك بووژاندنەوە بەخۆوە ببینێت، بەڵام بوارەکانی دیکە ئەو گەشەکردنە نایانگرێتەوە، لەبەر ئەوە بایدن باسی لە پلانەکەی خۆی کرد کە پەیوەستە بە بنیاتنانەوەی باشتری ئابووریی وڵاتەکە. هەرچۆنێك بێت، ناکرێت لە ڕۆڵی فاکتەری ئابووری لە یەکلاکردنەوەی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمریکا کەم بکرێتەوە، ئەمەش ئەو دروشمەی سەروەختی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمریکای ساڵی ١٩٩٢مان بیر دەهێنێتەوە کە لە نێوان (جۆرج بۆشی باوك و بیل کلینتۆن)دا بوو، کە دروشمی سەرەکیی بیل کلینتۆن ئەوە بوو کە ئەی گەمژە مەسەلەکە ئابوورییە، چونکە سەرۆك جۆرج بوشی باوك پێی وابوو کاندیدێکی بەهێزترە، لەبەر ئەوەی وەك سەرۆکێك پتر شارەزای سیاسەتە و لەگەڵ پەرەسەندن و وەرچەرخانە مەزنەکانی پەیوەندیدار بە سیاسەتی دەرەوە ژیاوە، وەك کۆتاییهاتنی شەڕی سارد و شەڕی کەنداو. بەڵام بانگەشەی کلینتۆن بە چەشنێك بوو کە ئەو کاندیدێکی باشترە، چونکە سەرۆك بوش ئابووریی وڵاتەکەی فەرامۆش کردووە و نەیتوانیوە بیپارێزێت لە سستبوون و چەقبەستن. کەواتە ئەدای ئابووریی سەرۆك ترەمپ و بەرنامەکەی بایدن بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی ئابووریی وڵاتەکە سەنگی مەحەك و هۆکاری یەکلاکەرەوەی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکە دەبن.

**● توندوتیژیی نێو شارەکانی ئەمریکا و گەڕاندنەوەی ئارامی**

ئەوەی پەیوەست بێت بە تەوەرەکانی دیکەوە وەك توندوتیژی لە نێو شارەکانی ئەمریکادا، ئەوا ئاشکرایە کە پێشتر سەرۆك ترەمپ بە خۆپیشاندەرەکانی دەوت ئاژاوەگێڕ و کەسانێك کە سەرقاڵی دروستکردنی پشێوین، و لە دیبەیتەکەشدا وا خۆی خستەڕوو کە دەیەوێت جڵەوی سەپاندنی یاسا و گێڕانەوەی ئارامی بگرێتەدەست، بەڵام لە بەرامبەردا بایدن داوای لێ کرد کە ئیدانەی گرووپە ڕاستڕەوەکانی دیکەش بکات کە خوازیاری باڵادەستبوونی ڕەگەزی سپی پێستن و دژە بە کۆچبەرانن و مێژووییەکیان هەیە لە هێرشکردنەسەر ڕکابەرە چەپڕەوەکانیان. بەڵام سەرۆك ترەمپ ئەم کارەی نەکرد و لە بری ئەوە داوای ئامادەیی لێکردن، ئەمەش دەریدەخات کە جیاوازیی بنەڕەتی هەیە لە تێڕوانینی هەردوو کاندیدا لە پەیوەندی بە چۆنیەتی سەپاندنەوەی یاسا و هێنانەئارای سەقامگیری و باشترکردنی ژیانی پێکهاتەی ئەو ئەمریکییانەی بە ڕەچەڵەك ئەفریقین.

**دەرهاویشتەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا تەنیا لە لایەنە تەندروستییەکەدا قەتیس نەبووە، بەڵکو دەرئەنجامی کوشندە و کەمەرشکێنی ئابووریشی هەبووە**

**ئەدای ئابووریی سەرۆك ترەمپ و بەرنامەکەی بایدن بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی ئابووریی وڵاتەکە سەنگی مەحەك و هۆکاری یەکلاکەرەوەی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکە دەبن**

# ئاشتەواییەکی نیشتمانی و هەستیکی نیشتمانیمان پێویستە

ئەڵبەتە ئاسان نییە باس لە دروستکردنی هەستی نیشتمانی لە کۆمەڵگەیەکدا بکەین، کە مێژوویەك بە دابەشکردندا ڕۆیشتبێت، هەر لە سەردەمی ڕژێمی بەعسەوە کە کاری دەکرد تا لەناو خێزانێکیشدا متمانەی تاکەکان بە یەك نەهێڵێت. هەروەها شار و لادێ و گەڕەك بە گەڕەك جیاوازی لە نێوانیاندا دروست دەکرد و هەمیشە کاری دابەشکردن و زاڵکردنی چینێك بە سەر چینێکی دیکەدا بوو، دواتریش کۆمەڵگەیەکی حزبی دروست کرا، کە دابەشبوون لەسەر بنەمای ئینتیمای سیاسی درێژ بووەوە بۆ پرسە کۆمەڵایەتیەکانی وەك هاوسەرگیری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیش، ئیتر جگە لە بیری هاوردە لە چەپەوە بیگرە، بۆ ئیسلامی سیاسی و ئیسلام بە کولتووری عەرەبی و بیرە هاوردە نامۆکانی دی بۆ ناوکۆمەڵگەی کوردی، ئەوانەش ئەگەرچی نەشیانتوانیبێت گەشەیەکی فراوان بکەن، بەڵام هەریەکەیان بەشی ئەوەندە چەکەرەی کرد کە دابەشبوونێکی دی دروست بکەن لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا.

هاتنی میدیا جیهانی و گلۆباڵیزەیشن و بیری سەرمایەداری و بەکاڵاکردنی هەموو بیرێك تا مرۆڤیش لە پێناو قازانجدا بەتایبەتی بۆ هەرێمی کوردستان، کە تا هەنوکەش سەرباری ئەوەی بەشی چەندین وڵات دەزگای ڕاگەیاندنمان هەیە، بەڵام نەبوونی میدیایەکی نیشتمانی کە هەمووومان لەژێر چەتری نیشتمان و نەتەوەدا کۆبکاتەوە، بۆشایەکی گەورەیە و بەتایبەتی تریش کە لە ڕووی بەرهەمی میدیاییەوە کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێن نین، لەوەشدا پشت بە بەرهەمی میدیایی هاوردە دەبەستین، بەتایبەتی لە بواری بابەتی بەزمەسات و کاتبەسەربەری وەك دراماو بابەتە کۆمیدییەکان و کارتۆن و .. هتد، کە ئەمانە ئامرازی گرنگی گۆڕانکاریی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگین.

ململانێ سیاسییەکان و دابەشبوونی زۆن و هاتنە ئارای چەندین ئەجندای دەرەکی و کەسی و ناوخۆیی بۆ دابەشکردنی کوردستان



پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید
بۆ گوڵان نووسیویەتی

و بانگەشەی ئاشکرا بۆ ماڵ جیاکردنەوە و هەرێم جیاکردنەوەش، ئەمانە هەمووی هۆکاری دابەشبوونێکی رەگی قووڵی بەهێزن کە بە هەوڵ و کارێکی نیشتمانی و ستراتیژێکی گشتگیری سیاسی و ئابووری و میدیایی و پەروەردەیی نەبێت، ئاسان نییە ئەم تاك و هاووڵاتییانە لەژێر چەتری هەست و خەمێکی نیشتمایدا کۆ بکەینەوە، پرسی ئاشتەوایی نیشتمانییش بناغەیە بۆ دروستکردنەوەی ئەم هەستە، چونکە بە ئاشتی لێك تێگەیشتن و لێکنزیکبوونەوە و لەخۆبوردن و قوربانیدان بە بەرژەوەندیی حزبی و کەسی دروست دەبێت لە پێناو نیشتماندا. بۆیە لە ئێستادا کە وڵات گیرۆدەی چەندین قەیرانی سیاسی و ئابووری و تەندروستییە، کە هێندەی دی قەیرانەکانی دیکەشی قووڵ کردووەتەوە. دەبێت سەرەتا بە بانگەشە بۆ ئاشتەوایەکی نیشتمانی لە نێوان پارت و لایەنە بەشدارەکانی هاوکێشە سیاسی و ئیدارییەکەی هەرێم دەستی پێ بکرێت، دواتر بەرەوە ستراتیژدانان بۆ چۆنیەتی بە نیشتمانیکردنی دامودەزگاکانی حکومەت و میدیا و سیستم و لەوێشەوە دروستکردنی هەستی نیشتمانی بۆ تاك دروست دەبێت.

خەمی وڵات ئەرکی بونیاتنانەوە لە خەمی تاکە لایەنێك، یان چەند لایەنێك، بەرەوە خەمی هەمووان دەڕوات، رەنگە ئەمەش کاتی بوێت، بەڵام دەست پێ کردن لە تاکە خاڵێکیشەوە بێت، باشترە لە دەستەوسان دانیشتن و بەجێهێشتنی گۆڕەپانەکە، کە دەمانبات بۆ چەندین دەردی کوشندەی وەك تێکچوونی ئاسایشی نیشتمانی و قەیرانی کولتووری و پەروەردەیی، جگە لە لەباربوونی ژینگەکە بۆ دوژمنان و ناحەزانی کورد و هەرێم تا توێی دوژمنانەی خۆیان بچێنن.. ئەڵبەتە ئەمەش پەرچەکرداری ئەم بارودۆخە نییە کە دروست بووە، بەڵکو پێویستییەکی جێگر و هەنووکەیی و نەتەوەیی و سیاسی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتیی ئەم کۆمەڵگەیە، تاکو هێندە بەهێز بێت، کە بەرگەی قەیرانە یەك لە دوای یەکەکان بگرێت.

# دەستەی ژینگە لە قۆناغێکی نوێدا

لەگەڵ دەستبەکاربوونم وەك سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان، بە پێویستمان زانی ژینگەپارێزی لە دروشمەوە بەرەو هەنگاوی کرداری ببەین، لەوانە بۆ نموونە:

قەدەغەکردنی بوتڵی پلاستیکی

بە نووسراوی ژمارە ١٠١٣ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٢٣ بە دروشمی (با لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین) بڕیارمان دا بە:

یەکەم: قەدەغەکردنی بەکارهێنانی دەبەی پلاستیکیی ئاو لە دیوانی دەستە و فەرمانگەکانی ژینگەی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان، سوودوەرگرتن لە ئاوی خاوێنی ئاسایی لە ساردکەرەوەکاندا و بەکارهێنانی پەرداخی کارتۆن بۆ ئاو و چای و قاوە، لەبەر ئەوەی کارتۆن زوو شی دەبێتەوە و ژینگەش پیس ناکات.

دووەم: قەدەغەکردنی جگەرەکێشان لەناو بینای دیوانی دەستە و فەرمانگەکانی ژینگە.

پێکهێنانی دادگای ژینگەیی

نووسراوێکمان بۆ نووسینگەی بەڕێز وەزیری داد نارد، تیایدا داوای پێکهێنانی دادگایەکی ژینگەییمان کرد، بەڕێزیشیان بە سوپاسەوە داواکەمانی بۆ چۆنیەتی کاراکردنی داواکەمان، ئاراستەی ئەنجومەنی دادوەری کرد.

ئێمە لە نووسراوەکەماندا نووسیبوومان: «بە هۆی زۆربوونی ڕووداوە ژینگەییەکان و گۆڕانی لادانە ژینگەییەکان لە سەرپێچییەوە بۆ ئاستی تاوانی ژینگەیی، هەروەها دەستەوەستانی زۆرێك لە یاساکان لە ئاست گەورەیی زیانە ژینگەییەکان و کەمیی زانیاریی ژینگەیی لای بەشێك لەدادگاکان، بۆیە ئێستا زۆرێك لە وڵاتانی جیهان دادگایەکی تایبەت بە ژینگەیان دامەزراندووە، یان دادوەرێکی ژینگەییان لە دادگاکاندا دیار کردووە.

ئێمە لە دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان، هەبوونی دادگایەکی ژینگەیی بە پێویستییەکی سەردەم دەزانین بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ ئەو سەرپێچییە ژینگەییە گەورانە دابنێت لە ئایندەدا. ئەگەر ئەمەش نەکرا، ئەوا بوونی دادوەرێکی تایبەت بە کەیسی ژینگەیی لە دادگاکاندا بە چارەسەری دووەم دەزانین، هەر وەك ئەوەی ئێستا لە ئەنجومەنی باڵای دادوەریی عێراقدا بوونی هەیە، هاوکاریتان جێگەی ڕێز و پێزانینی ئێمەیە».

بۆردی ڕێکخراوە ژینگەییەکان

بە مەبەستی کۆکردنەوەی تواناکان و یەکخستنی هەوڵەکان و پاراستنی کات و کارکردن بە گیانی تیم و شێوازی دامەزراوەیی، بڕیارمان دا، بە پێکهێنانی (بۆردی ڕێکخراوە ژینگەییەکان) بەم شێوازەی لای خوارەوە:

١. لەسەر ئاستی هەر پارێزگا و ئیدارەیەکی سەربەخۆ، ڕێکخراوە دیار و چالاکەکان بە ڕەزامەندیی نێوانیان، بۆردێکی لۆکاڵیی بۆ خۆیان پێکدەهێنن و، لەسەر پەیڕەوێکی کارکردن لەنێو خۆیاندا ڕێك دەکەون، بۆ بەڕێوەبردنی بۆرد و کاتەکانی کۆبوونەوەو کارنامەی مانگانەیان .. هتد

٢. فەرمانگەی ژینگەی هەر پارێزگایەك و ئیدارەیەکی سەربەخۆ، ڕێکخراوەکانی سنوورەکەی لە ناوەڕۆکی ئەم فەرمانە ئاگادار دەکاتەوە و، هاوکاریان دەبێت بۆ پێکهێنانی بۆرد و ناردنی ناوی ڕێکخراوەکانی نێو بۆردەکەی سنوورەکەی بۆ دەستەی ژینگە.

٣. فەرمانگەی ژینگەی هەر پارێزگایەك و



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

ئیدارەیەکی سەربەخۆ، کۆبوونەوەیەکی مانگانەی دەبێت لەگەڵ بۆردی ڕێکخراوەکانی سنوورەکەی خۆی.

٤. دەستەی ژینگە کۆبوونەوەیەکی وەرزیی دەبێت لەگەڵ بۆردی ڕێکخراوەکانی هەر پارێزگایەك و ئیدارەیەکی سەربەخۆدا.

٥. بە هەماهەنگیی لەگەڵ دەستەی ژینگەدا، فەرمانگەی ژینگەی هەر پارێزگایەك و ئیدارەیەکی سەربەخۆ، هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی کات و ڕێکەوتی کۆبوونەوەی وەرزیی نێوان دەستەی ژینگە و بۆردی ڕێکخراوەکانی سنوورەکەی.

٦. لە دەرەوەی ئەم بۆردە دەستەی ژینگە و فەرمانگەکانی، مامەڵە و پەیوەندی لەگەڵ هیچ ڕێکخراوێکی دیکە بە شێوەی تاك ناکەن.

هەماهەنگیی لەگەڵ ژینگەی عێراق لەبارەی ئۆزۆنەوە

ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا هەمان ئەو ئەرك و بەرپرسیارێتییەمان دەکەوێتە ئەستۆ، کە ساڵانێکە لە ئەستۆی دەوڵەتی عێراقیشدایە، بەتایبەت دوای ئەوەی عێراق لەساڵی ٢٠٠٨ەوە چۆتە نێو ڕێککەوتنامەی ڤییەنا و مۆنتریال بۆ پارێزگاریکردن لە ئۆزۆن، بەمەش عێراق دەبێت پابەند بێت بە کەمکردنەوەی بەکارهێنان و قەدەغەی هاوردەکردنی تەواوی ئەو غاز و ماددانەی کە زیان بە ئۆزۆن دەگەیەنن.

ئەنجومەنی نیشتمانیی ئۆزۆن لە وەزارەتی تەندروستی و ژینگەی عێراق بەردەوامە لە هەماهەنگیی لەگەڵ دەستەی ژبنگەی هەرێمی کوردستان و بە هاوکاریی پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە لە ڕێکخستنی خولی ڕاهێنان و هۆشیاری بۆ کارمەندانی فەرمانگەکانی گومرك و پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری و بازرگانی و پیشەسازی و دەروازە سنوورییەکان، لەچوارچێوەی پرۆژەی ڕزگاربوون و قەدەغەکردنی بازرگانیی نایاسایی بەو ماددانەی کە زیان بە چینی ئۆزۆن دەگەیەنن، ئەمەش بە پشتبەستن بە ڕێنماییە یاساییە بەرکارەکان. بۆ ئەم مەبەستەش چەندین وۆرکشۆپ و سیمیناری کرداریی هاوبەش ئەنجام دراون بۆ فێرکردنی چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامێرەکانی دۆزینەوە و شیکردنەوەی غازە بەکارهاتووەکانی نێو ئامێرەکانی ساردکەرەوە و فێنککەرەوەکان، هەروەها نمایشکردنی زۆر فیلمی دیکیۆمێنتاری و ڕاهێنانکردن بە خاوەنی بەشێك لە شوێنەکانی چاککردنەوەی ئامێرەکانی ساردکرنەوە و فێنککردنەوە، هەروەها بە پێدانی کەرەستە و ئامێری نوێ و پێشکەوتوو بۆ پرۆسەی پڕکردنەوە و گێڕانەوەی غازەکان.

دەستەی پاراستن چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستانیش بەردەوامە لە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی بازاڕ و شوێنە بازرگانییەکان و هاوردەکارانی غازی ئامێرەکانی ساردکردنەوەشدا، بە مەبەستی ناساندنی غازەکانی کلۆر فلۆر کاربۆن کە زیان بە ژینگە و چینی ئۆزۆن دەگەیەنن. هەروەها لەم ڕۆژەشدا داواکارین لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی گومرگ کە ڕێگە نەدەن بە هاوردەکردنی ئەو جۆرە لە ئامێرەکانی بەفرگر و ساردکەرەوە و سپلیت کە هێشتا غازەکانی (کلۆر فلۆر کاربۆن)یان تێدا بەکار دەهێنرێن، چونکە هەرێمی کوردستانیش وەك ئەو دوای عێراق پابەند کراوە بە ڕێککەوتنامەی ڤییەنا و مۆنتریال بۆ پارێزگاریکردن لە ئۆزۆن، بۆیە پێویستە ئێمەش بەردەوام بین لەسەر ڕێکارەکانی کەمکردنەوەی پلە بە پلەی ئەو غازانەی کە کاریگەرییان لەسەر چینی ئۆزۆن هەیە.